# دۆخی ڕێزمانیی لەزمانی كوردی و عەرەبیدا توێژینەوەیەكی بەراوردكارییە

ڕێزان مەحمود حەمە صاڵح[1] - نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو[٢]

[١+٢] بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (دۆخی ڕێزمانیی لەزمانی كوردی و عەرەبیدا – توێژینەوەیەكی بەراوردكارییە) نوسراوە. ئامانج لە توێژینەوەكە دیاریكردنی خاڵی هاوبەش و جیاوازییە لە بابەتی دۆخی ڕێزمانی لەنێوان زمانی كوردی (دیالێكتی كرمانجی خوارو–شێوەزاری سلێمانی) و زمانی عەرەبی ستاندارد. كە هەریەك لەو دو زمانە پێڕەوی دۆخ تیایاندا جیاوازە.

گرنگیی توێژینەوەكە لەوەدایە كە بۆ یەكەمجارە تیۆری وەبەرهێنان و گواستنەوە كە - تیۆرێكی زمانەوانی نوێیە- بە مەبەستی بەراوردكردن لە نێوان كوردی و عەرەبیدا بەكاردەهێنرێت. توێژینەوەكە – جگە لە پوختە و پێشەكی- لە دو پار پێكهاتوە، پاری یەكەمی باس لە بنەماو تایبەتمەندییەكانی مۆدێلی دۆخ دەكات. پاری دوەمیش باس لە جۆرەكانی دۆخی ڕێزمانی و پراكتیزەكردنی لە هەردو زمانەكەدا كراوە، پاشان توێژینەوەكە بەخستنەڕوی ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان كۆتایی دێت.

**كلیلە وشەكان:** دۆخ، نیشانەی دۆخ، سەرە، جێكەوتە، حوكمكردن.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(3).Paper6
**Received:** 27-July-2022
**Accepted:** 31-July-2022
**Published:** 29-Sep-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
rezanmahmood86@gmail.com
nareman.kareem@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی

### ١/٠) ناونیشانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (دۆخی ڕێزمانیی لەزمانی کوردی و عەرەبیدا-توێژینەوەیەکی بەرانبەرییە) نوسراوە.

### ٢/٠) ئامانجی توێژینەوەکە:

بە ئامانجی ئەوەی، لەڕێگەی بەراوردەوە جیاوازی و لێکچونەکانی دۆخ لە زمانی کوردی (دیالێکتی کرمانجی خوارو-شێوەزاری سلێمانی) و (زمانی عەرەبیی ستاندار) بخاتەڕو.

### ٣/٠) هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

دەستنیشانکردنی جۆر و نیشانەکانی دۆخە لە دو زماندا کە پێڕەوی دۆخ تێیاندا جیاوازە.

### ٤/٠) گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە:

گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە دەرخستن و دیاریکردنی جۆرەکانی دۆخی ڕێزمانییە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە دیاریکردنی پارامیتەری سەری ڕێزمانی (X) لە حوکمکردنی سەرەکان بۆ تەواوکەرەکانیان (Y) لێرەدا تایبەتمەندی زمانەکان لەدۆخدا دەردەکەوێت؛ چونکە دۆخ لە سینتاکسدا دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام پارامیتەری دۆخ لەزماندا تایبەتە و هەر زمانێک پارامیتەری تایبەت بەخۆی هەیە.

### ٥/٠) سنورو کەرەستەی توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکە، زمانی کوردی (دیالێکتی کرمانجی خوارو-شێوەزاری سلێمانی) و (زمانی عەرەبیی ستاندار)ە، کەرەستەکانیشی بەرهەم و سەرچاوە زمانەوانییەکان، ئاخاوتنی ئاخێوەرانی زارەکە و بەپێی پێویست نمونەی داتاشراوی خۆمان.

### ٦/٠) میتۆد و مۆدێل و تیۆری پەیڕەوکراو:

میتۆدی توێژینەوەکە (وەسفی – شیکاری)یە. مۆدێلی پەیڕەوکراو، مۆدێلی دۆخە لە تیۆری (GB)دا، کە سەر بە قوتابخانەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەیە لای چۆمسکی.

### ٧/٠) بەشەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە – جگە لە پوختە و پێشەکی- لە دو پار پێکهاتوە، پاری یەکەمی باس لە چەمک و پێناسەی دۆخ دەکات. پاشان بنەما و تایبەتمەندییەکانی مۆدێلی دۆخ وەک پاڵێوەری دۆخ، پێکدادانی دۆخ، نیشانەکانی دۆخ، کاتیگۆرییە حوکمکەرەکەن و پیدانی دۆخ خراونەتەڕو. پاری دوەمیش باس لە جۆرەکانی دۆخی ڕێزمانی (زگماکی و پێکهاتەیی) کراوە، بەڵام زیاتر گرنگی دراوە بە جۆرەکانی دۆخی پێکهاتەیی کە بریتیین لە دۆخی بکەری، بەرکاری، پێشناویی و دۆخی خستنەپاڵی، دواتریش پراکتیزەکردنیان لە هەردو زمانەکەدا، هەرچی دۆخی زگماکی هەیە تایبەتە بەمۆدیلی (سیتا-ڕۆڵ)ەوە و جیاوازە لەم مۆدێلەی لەم توێژینەوەیەدا کارمان لەسەرکردوە. توێژینەوەکە بە خستنەڕوی ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی دێت.

## ١/١) چەمک و پێناسەی دۆخ

زاراوەی (دۆخ) لە وشەی لاتینی(Casus)ـەوە وەرگیراوە، کە وەرگێڕدراوی وشەی (Ptosis)ی گریگییە و بە واتای (Fall)ی ئینگلیزی دێت، لە سەرەتادا فەیلەسوفی یۆنانی (ئەرستۆ) بۆ جیاکردنەوەی ناو لە کار، بەکاریهێناوە، پاشان قۆناغ بە قۆناغ بەکارهێنانەکەی گۆڕا (حاجی، ٢٠٠٩، ل٩٥)، هەروەها (زاراوەی دۆخ ئاماژە بۆ فۆرمە جیاوازەکانی فرێزێکی ناویی و هەندێ جاریش بۆ جۆرە پێکهێنەرەکانی تری فرێزێکی ناویی، وەک (ئاوەڵناو و ژمارەکان)دەکات، دۆخەکەش دەوەستێتە سەر ئەرکە ڕێزمانییەکەی فرێزەکە. بۆ نمونە دۆخی نۆمینێتیڤ Nominative بەNP بکەر دەبەخشرێت، دۆخی ئەکوزەتیڤ Accusative دەدرێتە پاڵ بەرکاری ڕاستەوخۆ، هەروەها دۆخی (داتیڤ Dative)یش، کە بە فرێزی پێشناوەکان دەدرێت) (محەمەد، ٢٠٠٩، ل١٨٧)، بە واتای ئەوەی هەندێک لە تەواوکەرەکان دۆخیان لەلایەن سەرەیەکی حوکمکەری دۆخدەرەوە پێدەدرێت و ئەرکە ڕێزمانییەکان لە جێکەوتەکان پڕدەکەنەوە.

زمانەوانان پێناسەی جیاجیایان بۆ دۆخ کردوە، لەوانە: (مێلکۆک) پێیوایە (دۆخ بریتییە لە لقێک لە ڕێزمانی هەر زمانێک لە زمانەکانی جیهان و ڕەنگدانەوەی ئەو ئەرکە ڕێزمانییانەیە، کە لەلایەن (ناوێک، جێناوێک، فرێزێک، لاڕستەیەک، ڕستەیەک) جیبەجێدەکرێت، (محەمەد، ٢٠١٥، ل٦) لەم پێناسەیەدا فراوانی دەبینرێت، چونکە وەک لقێک لە ڕێزمان ناساندویەتی، زیاتر لەوەی دۆخ دیاردەیەکی ڕێزمانی بێت.

(بلەیک) دەڵێت: ((دۆخ سیستەمی دیاریکردنی جۆری پەیوەندیی ناوەکانە، بەتایبەتی ئەو پەیوەندییانەی، کە سەرەی ناوەکان هەیانە)) (blake, 2004, 1)، لێرەدا پێڕەوێک بۆ پەیوەندی ناوەکان دادەنێت، بەکارهێنانی وشەی (سەرە)پێناسەکەی پوختترو وردتر کردوە.

هەروەها (کریستاڵ) پێیوایە ((دۆخ بریتییە لەو کەتیگۆرییە ڕێزمانییەی، کە ڕۆڵی لە پەیوەندی نێوان وشەکان و چۆنیەتی ڕیزبونیان لە چوارچێوەی ڕستەدا دەردەکەوێت. دەرکەوتن و ناسینەوەیان لە ڕستەدا، بەهۆی نیشانە یان ڕیزبونی پێکهاتەکان و پڕکردنەوەی چاڵەکان دەبێت))، (ئەحمەد، ٢٠١١، ل ٦). بە بەراورد بە پێناسەکەی (بلەیک)، کریستاڵ هەمان پێڕەوی بەکەتیگۆرییەکی ڕێزمانی پەسنکردوە و سەرەڕای پەیوەندییەکان، چۆنییەتی ڕیزبونی کەرەستەکان باسدەکات و هۆکاری ناسینەوەیان دەخاتەڕو.

هەروەها (دۆخی ڕێزمانیی، پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان (سەر–X–) و (تەواوکەر–Y–)ە، تێیدا پێویستە دۆخپێدەر (X) ئاراستەی (Y) بکات، پەیوەندییەکەش بریتییە لەو گۆڕانکارییانەی بەسەر سەرەناوێکدا دێن، بەهۆی گۆکردنیەوە لە دەقی سینتاکسییدا، بۆیە واتاکەی تاڕادەیەکی زۆر (حاڵەت)ەکەی دەبەخشێت). (سەعید، ٢٠٢٠، ل٨٣). پێناسەکە وردو چڕە، بە تەواوی سەرەی ڕونکردوەتەوەو پراوپڕ پەیوەندییە سینتاکسییەکەی خستوەتەڕو، ڕونکردنەوەی بابەتەکەشی بەم هێڵکارییە ڕونترو باشتر گەیاندوە.




هێڵکاری (١) پەیوەندی نێوان سەرەو تەواوکەر

لیۆن (1979) باس لەوە دەکات، کە دۆخ ((تۆخمێک یان تایبەتمەندییەکی زۆر گرنگە لە پێناسەکردن و پۆلێنکردنی ناوەکاندا)). (Igaab 2020،1)، لە پێناسەکەدا دۆخ وەک تایبەتمەندییەکی ناوەکان پێناسە دەکات و بە تۆخمێکی گرنگی پۆلێنی ناوەکان دایدەنێت.

کەواتە دۆخ پێڕەوێکە لە پێڕەوەکانی کەتیگۆری ناو، کە لە لایەن سەرێکی حوکمکەری دۆخدەرەوە دەدرێت بە ناو وەک تەواوکەر، بەو واتایەی پەیوەندی نێوان (سەر و تەواوکەر)ە لە ڕستەدا، کە لە هەندێک زماندا بەهۆی مۆرفیمی تایبەتەوە دەردەکەوێت، وەک زمانی عەرەبی و لە هەندێ زمانی دیکەشدا نادیارە و جێکەوتە ئەم دۆخە دەستنیشان دەکات، وەک زمانی کوردی.

## ١/١-١) تایبەتمەندیی و بنەماکانی دۆخ:

دۆخ تایبەتمەندی جێناو و فرێزە ناوییەکانە. چەمکی دۆخ بریتییە لە پەیوەندی ڕێزمانیی ناو و جێناوەکان بە وشەکانی دیکەی ڕستەوە، لەسەر بنەمای چەند تایبەتمەندییەک ئەم پێڕەوە ڕێزمانییە کاردەکات، بەزۆری ئەو تایبەتمەندییانەش لە چوارچێوەی (پاڵێوەری دۆخ، نیشانە و مۆرفیمەکانی دۆخ...تاد) پێکدێن، ئەو پرسیارانە دێنە ئاراوە، کە ئایا دۆخییدان بە کەرەستەکان بە چ پێوەرێک دەدرێن؟ ئەم پێدانەش لەسەر چ بنەمایەک دۆخەکان بە فرێزە ناوی و جێناوەکان دەدرێن؟ ئایا ناوێک یان فرێزێکی ناوی دەتوانێت چەند دۆخ وەربگرێت؟ سەرە دۆخپێدەرەکانیش دەتوانن چەند دۆخ ببەخشن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بنەمای ئەم کارەن.

### ١/١-١-١) پاڵێوەری دۆخ(case filter):

دۆخی ڕێزمانی وەک پاڵێوەر، ((پاڵێوەرەکە داوا دەکات، هەر فرێزێکی ناوی بە فۆنەتیکی دەربڕدرا بێت پێویستە دۆخێکی ڕێزمانی پێدرابێت، ئەگەرنا ئەم فرێزە ناوییە N*فۆرم نادروست دەردەچێت))،(مەعروف، ٢٠٠٩، ل١٤)، واتە بەپێی پاڵێوەری دۆخ هەر فرێزێکی ناوی لە ڕستەدا دەرکەوتنی هەبێت، دەبێت دۆخێکی ڕێزمانی هەبێت و نیشانەیەکی دۆخی هەبێت، دەبینین نموونەی (١) فۆرمِ نادروستە، چونکە پێشێلی پاڵێوەری دۆخ دەکات.

**(١) *ئەو تۆ چاو دەخوێنێتەوە..**

لە نموونەی (١)دا، لەبەرئەوەی فریزی ناوی (چاو) هیچ دۆخێکی ڕێزمانی وەرنەگرتوە، بەپێی پاڵێوەری دۆخ ڕێگەی پێنەدراوە، ئەم ڕێگە پێنەدانەش، وایکردوە ڕستەکە لە ڕوی ڕێزمانییەوە نادروست بێت، لەبەرئەوەی هیچ ڕەگەزێکی حوکمکەرمان نییە، کە حوکمی فریزی ناوی (چاو)ی کردبێت و دۆخی پێدابێت، بە گەڕانەوەش بۆ پاڵێوەری دۆخ، دەبێت هەمو فرێزێکی ناوی (NP)یەک دۆخێک وەربگرێت، واتە: نابێت جوتە دۆخێک بە یەک (NP) بدرێت، بە دانانەوەی پێشناوەکە لەپێش فرێزە ناوییەکە پاڵێوەرەکە ڕێگەی پێدەدات، بەم شێوەیەش پێشناوەکە حوکمی دەکات و دۆخی پێدەدات، بەمەش پێڕەوە دوپەلکییەکەمان بۆ دروستدەبێت، چونکە هەر سەرەیەکی ڕێزمانی، کە لە فەرهەنگەوە تەواوکەرێکی لە ناواخندا بێت لە پەیوەندییەکی دوپەلکیدان، بەو واتایەی سەرە ڕێزمانییەکان هەمیشە لە تەواوکەرەکانیاندا دۆخەکانیان بەتاڵدەکەنەوە، (قادر، ٢٠٠٩، ل٩٢). بەم پێیەش نابێت هیچ فرێزێکی ناوی لە ناو دروستە سینتاکسییەکەدا بی دۆخ بێت، چونکە ناڕێزمانی ڕستەکەی

لێدەکەویتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا فریزێکی ناوی پێویستە تەنیا یەک دۆخ وەربگرێت بەپێی پالێوەرەکە، ئەگەر لە یەک دۆخ زیاتر وەربگرێت دەبێتە هۆی پێکدادانی دۆخ کە دواتر لەمەش دەدوێین.

**۲-۱-۱/۱) پێکدادانی دۆخ(case crash):**

مەبەست لەم پرۆسەیە، گونجاو نییە کەرەستەیەکی ڕستە دوجار دۆخی ڕێزمانی پێببەخشرێت، چونکە لادانە لە یاسای دۆخ و پالێوەری دۆخی ڕێزمانی، مەرجی پالێوەرەکەش ئەوەیە، هەر کەرەستەیەک لە کەرەستەکانی ڕستە تەنیا یەک جار دۆخ وەردەگرێت، ئەگەر زیاد لە دۆخێک وەربگرێت، پێکدادانی دۆخ دروستدەکات، ئەمەش ((مەگەر لە ڕستەی باسمەنددا ڕوبدات، بەڵام لەم بارەشدا بکەری ڕستە تەواوکەرەکە ناچێتە ناو جێکەوتەی بکەری ڕستە سەرەکییەکەوە، بەڵکو هەڵدەواسرێت بە پرۆژەی ڕستە سەرەکییەکەوە)). (قادر،٢٠٠٨، ل٢٨،٢٩) بۆ نمونە:

**(٢) أ. [ڕستەی سەرەکی وا دەردەکەوێت،[ ڕستەی تەواوکەر [کەcomp] ژیلەمۆ ئاسودە بێت] ]**

**ب.*[ڕستەی سەرەکی ژیلەمۆ وا دەردەکەوێت،[ ڕستەی تەواوکەر [کەcomp] t ئاسودە بێت] ]**

i ⟶ i

پێکدادانی دۆخی ڕێزمانی

لە نمونەی(٢–ب) دەبینین بکەری ڕستە تەواوکەرەکە بەرزکراوەتەوە بۆ جێکەوتەی بکەری ڕستە سەرەکییەکە، جارێک لە جێکەوتەی خۆیدا و جارێکیش لە جێکەوتەی بکەری ڕستە سەرەکییەکەدا دۆخی وەرگرتوە، بەوەش پێکدادانی دۆخ ڕوویداوە و ڕستەکەی ناڕێزمانی کردوە، چونکە لە بە باسمەندکردنی ڕستەی ئاوێتە و گواستنەوەی فریزی ناوی لە دروستەی بەرزکردنەوەدا زیاتر لە ڕستەی ئاوێتەدا ڕوودەدات. زمانەوانەکان دەریانخستوە کەوا ڕستەی سەرەکی و هەم ڕستەی تەواوکەری ڕستە سەرەکییەکە خاوەنی دروستەی سینتاکسی سەربەخۆن، لەهەر دروستەیەکیاندا کرداری کات و کەسدار هەیە، کە سەرێکی ڕێزمانی حوکمکەرە و دۆخی ڕێزمانی بە تەواوکەرەکانی دەدات. ئەم هۆکارەش جێبەجێکردنی یاساکە دەسەلمێنێت، چونکە بکەری ڕستە تەواوکەرەکە لەلایەن کرداری ڕستە تەواوکەرەکەوە حوکم دەکرێت و هیچ پێوست بە بەرزکردنەوە ناکات بۆ جێکەوتەی بکەری ڕستە سەرەکییەکە تا حوکم بکرێت و دۆخی ڕێزمانی پێبدرێت، (قادر،٢٠٠٨، ل٢٨،٢٩)، لەبەرئەوەی بە بەرزکردنەوەی بکەری ڕستە تەواوکەرەکە بۆ ئەو جێکەوتەیە پێکدادانی دۆخ و بریندارکردنی ڕێساکەی لێدەکەوێتەوە.

**٣-١-١/١)نیشانەکانی پێدانی دۆخ لە زمانی کوردی و عەرەبیدا**

نیشانەکانی پێدانی دۆخ دەکرێت دیار یان نادیاربن و جۆری دۆخەکە لە ڕستەدا دیاریدەکەن، بەشێوەیەک ئەگەر جێگۆڕکێ بە کەرەستە دۆخ هەڵگرەکەش کرا، نیشانەکە دۆخی ناوەکە دەپارێزێت، لە هەندێک زماندا جێکەوتەی سینتاکسی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. بەتایبەتی زمانی کوردی کە جێکەوتەی چەسپاوی فریزەکان دەربڕی دۆخی ڕێزمانین. دابەشبونی مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن بۆ دەستەی(م–مان) و (م–ین) بۆ بونی دۆخی جیاوازی ڕێزمانی دەگەڕێنەوە ئەوانە فۆرمی شکاوەی یەکترن لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسیشدا (قادر، ٢٠١٥، ل١٨)، بۆ نمونە:

**(٣) ئەوان ئەوان دەگێڕنەوە.**

لەکاتی گۆڕینی نمونەی(٣) بۆ دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی، جێناوی سەربەخۆی (ئەوان) بۆ دۆخی بکەریی لە جێناوە لکاوەکانی دەستەی (م-ین)، جێناوی سەربەخۆی (ئەوان) بۆ دۆخی بەرکاریی لە جێناوە لکاوەکانی دەستەی (م- مان)دا دەشکێنەوە، نمونەکە بەم جۆرەی خوارەوە لێدێت:

**(٤) دەیانگێڕنەوە.**

جگە لەوەش زمانی کوردی دۆخی نادیاری هەیە، واتە جۆری دۆخەکەی بە مۆرفیم نییە(مەعروف، ٢٠٠٩، ل١٤) و جێناوە سەربەخۆکانیشی، دەتوانن فرێزی ناوی بن یان دەکرێت بڵێین جێگرەوەی فرێزە ناوییەکانن(مەحویی، ٢٠٠١، ل ١٥٥)، فۆرمی ناوەوەیان ناشکێتەوە، جێکەوتەی چەسپاوی ئارگۆمێنتەکانی کردار، دەربڕی دۆخی ڕێزمانی زمانی کوردیین، هەر گۆڕانێکیش لەو جێکەوتە چەسپاوانەدا ڕوبدات، بە هاونیشانەکردن چارەسەر دەکرێت. بۆ نمونە زمانی کوردی (S.O.V)یە، بەڵام لە ئەنجامی هێنانە پێشەوەی بەرکاردا لەگەڵ کلیتیکێک هاونیشانە دەکرێت بۆ ئەوەی ڕۆڵی بابەتانە و دۆخی ڕێزمانی پێببەخشرێت. بۆ نمونە:

**(٥) ا. شالیار نامەکە دەنوسێت.**

**بکەر بەرکار کردار**

**ب. [نامەکە]i شالیار دەینوسێت.**
**i**

**بەرکار بکەر کردار**

لە پێڕەوی ئێرگەتیڤدا، نیشانەکانی ئێرگەتیڤ، کە جێناوی لکاو جێبەجێیدەکات، سنورەکانی پێدانی دۆخ بە ئارگۆمێنتەکانی ڕوندەکەنەوە. کلیتیکی بکەری پەیوەندی کردار بە تەواوکەرێکی دەرەکییەوە نیشاندەدات و لەڕێگەیەوە دۆخ و ڕۆڵ بە فرێزییە ناوییە بکەرییەکە دەدرێت. هەروەک لە نمونەی (٥- ا)دا بەڕونی دیارە. ئەمەش ئەوە دەردەخات پەیوەندی نێوان ئارگۆمێنتە خورتییەکانی ناو ڕستە بۆ دۆخی ڕێزمانی پێڕەوی بەستنەوە و هاوسێیەتی دەکەن، وەک لە (٥- ب)دا دیارە کە نەمانی مەرجی هاوسێیەتی بە هاونیشانەکردن چارەسەرکراوە.

بەڵام لە زمانی عەرەبی و فەرەنسیدا پەیوەستبون بە هاوسێیەتی بۆ دیاریکردنی دۆخی ڕێزمانیی مەرج نییە، ئەگەر مەرج بوایە، ئەوا داڕشتنی ئەو ڕستانە دروست نەدەبو، کە تێیدا کردار لە بەرکارەکەی دادەبڕێت، بەواتایەکی دیکە ئەو ڕستانەی کە بکەر دەکەوێتە نێوان کردار و بەرکارەوە وەک:

**(٦) اشترى سعيدٌ قميصاً / سەعید کراسێکی کڕی**

لە ڕستەی(٦)دا (سعيد) بکەرە و کەوتوەتە نێوان کردار (اشترى) و بەرکار (قميصا)وە. دەشکرێت بڵێین:

**(٧) اشترى قميصاً سعيدٌ**

دروستیشە لە کاتی هێنانە سەرەتای بەرکاردا، جێناوێکی لکاوی وەک (هـ) بۆ (قميصا) بگەڕێنینەوە و بڵێین(باقر، ٢٠٠٢، ل١٤٧):

**(٨)قميصاً اشتراه سعيد.**

دروستیی ئەو ڕستانەی، کە هەمان ڕیزبەندییان هەیە (فعل، فاعل، مفعول به) بەڵگەی ئەوەمان پێدەدەن، زمانەکان لەم بنەمایەدا لەیەکتری جیاوازن. کەواتە دەکرێت بڵێین، حوکمکردنی کردار بۆ تەواوکەرەکەی لە هەندێک زماندا پەیوەستە بە هاوسێیەتییەوە و مەرجی هاوسێیەتی جێبەجێدەکات وەک لەزمانی ئینگلیزی و کوردیدا هەیە. لە هەندێک زمانیشدا پەیوەست نییە بە هاوسێیەتییەوە و ئەم مەرجە جێبەجێ ناکات وەک لەزمای عەرەبیدا دەیبینین.

نیشانەی دۆخی ڕێزمانی پەیوەست بە زمانەوە گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە لە هەندێک زماندا مۆرفۆلۆژییانەیە، بەو واتایەی مۆرفیمی دۆخ بونی هەیە.

زمانی عەرەبی یەکێکە لەو زمانانەی، نیشانەی دۆخ تیایدا مۆرفۆلۆژییانەیە، واتە بە مۆرفیم دۆخەکانیان دیاریدەکرێن، کەمتر گوێ بە جێکەوتە و ڕیزبونی کەرەستەکان دەدەن، لە زمانی عەرەبیدا فۆرمەکانی (ژێر، سەر و بۆر) هەریەکەیان مۆرفیمێکن و نیشانەی دۆخە جیاوازەکانی (جر، رفع، نصب) نیشاندەدەن (قادر، ٢٠١٥، ل١٨) و نیشانەیەکی دیکەمان هەیە کە (سکون)ە لە حاڵەتی (جزم)دا. ئەمانە پێیان دەگوترێت نیشانە سەرەکییەکانی دۆخەکانی زمانی عەرەبی، بەڵام (حەوت) نیشانەی لاوەکیشمان هەیە، کە بەپێی دۆخەکان دابەشکراون، لە دۆخی ڕەفع (حالة الرفع) دا بریتین لە: (الواو، الألف و ثبوت النون). لە دۆخی نەسب (حالة النصب)دا (الألف، الیاء، الکسرة و حذف النون)ن. هەروەها لە دۆخی جەڕ (حالة الجزم) (الفتحة و الیاء)ن. لە (حالة الجزم)یشدا لە (حذف حرف العلة و حذف النون) پێکدێن (الحرش، ٢٠١٤، ل٤٠٣). پێویستە باسی ئەوەش بکەین، کە نیشانە سەرەکییەکانی دۆخ لە زمانی عەرەبیدا لە کاتێکدا دەردەکەون، کە کردارو ناو تاک (مفرد)بن. بەڵام نیشانە لاوەکییەکان لە کاتێکدا دەردەکەون، کە ناوەکە و کردارەکە دوانە (مثنی) یان کۆ (جمع)بن. بێگومان زۆرێک لەو فۆنیم یان نیشانانەی ڕۆڵ لە دیاریکردنی دۆخەکاندا دەبینن، گۆڕانێکی دەنگیی و ڕێنوسی بەسەر وشەکەدا دەهێنن، وەک لە ئەم نمونانەدا دەردەکەوێت(ئەحمەد، ٢٠١١، ل١٣،١٤):

**(٩)** أ. جاء الولدُ. **کوڕەکە هات.**

ب.سلمتُ علی الولدِ. **سڵاوم لە کوڕەکە کرد.**

وشەی (الولدُ) بەهۆی نیشانەکانی دۆخەوە ئەرکەکەی دیاریکراوە، لە ڕستەی(٩- أ) وشەی (الولدُ) مەرفوعە نیشانەکەی سەری (فتحة)یە و لە دۆخی بکەریدایە، لە ڕستەی(٩- ب) وشەی (الولدِ) مەجرورە و نیشانەکەی ژێری (کسرة)یە لە دۆخی پێشناویدایە. بەڵام ئەگەر (الولد) بکەین بە دوان (مثنی) نیشانەکەی لە دۆخی ڕەفعدا دەبێتە (أ) و (ن)ێکیشی پێوە دەنوسێنێت، وەک:

**(١٠)جاء الولدان. دو کوڕەکە هاتن.**

لەدۆخی (نصب) و (جر)یشدا نیشانەکەی دەبێتە (ی) و (ن)ێکیشی پێوە دەنوسێنین:

**(١١)ضربت الولدين. دام لە دو کوڕەکە.**

**(١٢)سلمتُ علی الولدين. سڵاوم لە دو کوڕەکە کرد.**

ئەم گۆڕانە بە ڕێژەی جیاواز بەسەر زۆربەی زمانەکانی جیهاندا هاتوە، تەنها ئەو زمانانە نەبێت، کە بەسستی گەشەیانکردوە، یان وابەستەی یەکێک لە هێما نەتەوەیی، یان ئاینییەکانن، وەک پابەندبونی عەرەب بە زمانی قورئانی پیرۆزەوە.

کەواتە نیشانەکانی دۆخ ئەو نیشانانەن، کە بەهۆیانەوە پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان سەرە و تەواوکەر ڕێکدەخات و جۆرەکەی دەستنیشاندەکات، ئەویش بەهۆی فۆرمی شکاوەوە وەک لە زمانی ئینگلیزیدا، یان لەڕێگەی ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستەوە، واتە بەهۆی جێگەوتەی سینتاکسییەوە، کە تیایدا فرێزە ناوییەکان گۆڕانیان بەسەردا نایەت، بەڵکو شوێنی فرێزە ناوییەکە لە ڕستەکەدا جۆری دۆخەکەمان بۆ دەستنیشاندەکات، وەک لە زمانی کوردیدا، یان بەبێ جێگەوتە، واتە مۆرفۆلۆژییانەیە و بەهۆی مۆرفیمەوە، کە دەچێتە سەر فرێزە ناوییەکان، دۆخەکەی دیاریدەکات، بۆیە زۆرجار ئەم نیشانانە گۆڕان لە وشەکاندا دروستدەکات، وەک لە زمانی عەرەبیدا.

### ٤-١-١/١) کاتیگۆرییە حوکمکەرەکان و پێدانی دۆخ

بەپێی تیۆری حوکمکردن سەرە X حوکمی تەواوکەرەکەیY دەکات ئەگەر X بچوکترین گرێ بێت، کە وەچە ئاراستەی Y دەکات و ئەگەر لە نێوان سەرە و تەواوکەرەکەدا هیچ بەربەستێکی حوکمکردن (گەورەترین پرۆژەکان) نەبێت (محوی، ٢٠٠١، ل١٥٩)، واتە کاتێک ئەرکە سینتاکسییەکان لە بچوکترین دروستەی سینتاکسیدا وەک فرێز و بەلێکسیمبوەکان بەرجەستەدەبن لەلایەن ئارگۆمێنت داواکەرەکان حوکمی تەواوکەرەکانیان دەکرێن، حوکمکەرەکانیش بەگشتی لە زماندا بریتین لە (ناوN، کردارV، پێشناوP، کەسI، ئاوەڵناوA و مۆرفیمەکانی کات و دیارخەری)، بۆ نمونە:

(١٣) ا. کوڕ+ ەکە ← دروستەی سینتاکسی ← کوڕەکە

ب. بە + دەست ← دروستەی سینتاکسی ← بە دەست

لە نمونەی(١٣– ا، ب) دا (ەکە) و(بە)سەرێکی ڕێزمانین، چونکە دروستەیەکی سینتاکسییان لە وشەیەکی فەرهەنگییەوە دروستکردوە، وشە فەرهەنگییەکان هەمیشە سەری واتایین لەلایەن ئەو سەرە ڕێزمانییانەوە حوکمدەکرێ، بەڵام هەمو سەرە ڕێزمانییەکان توانای ئەوەیان نییە دۆخ بەو سەرە واتایی، یان فرێزە ناویانە بدەن. هەربۆیە هەمو فرێزێکی ناوی دەرکەوتو لە ڕستەدا پێویستە دۆخی پێبدرێت. ((تاف و ڕێککەوتن سەرێکی ئەرکین و لە پێکهاتەی سینتاکسیدا حوکمدەکەن. تاف لەگەڵ فرێزە کردارییەکەدا گرێ Nodeی تاف دروستدەکات و لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە حوکمی بکەر دەکات و دۆخی بکەری نۆمینەتیڤی دەدرێتی)) (مەعروف، ٢٠٢٠، ل١٨)، واتە بەپێی دەسەڵاتی ڕەگی کردارەکە لە لایەن کات و کەسی (IP) لە چوارچێوەی دەسەڵاتی فرێزە کردار (VP)ییەکەوە، بە دارشتەیی لەژێر کۆت و بەندی حوکمکردندا حوکمی (NP)ی بکەر دەکات و دۆخی بکەری(Nominative) پێدەبەخشێت، هەروەها (لە چوارچێوەی پەیوەندییە سینتاکسییەکەی نێوان سەرەو تەواوکارەکەیدا، دۆخی بەرکاری(Accusative) بە نزیکترین(NP) دەدات بەپێی مەودای دەسەڵاتی (C–Command)ەوە، کەچی بکەر دۆخی بکەری لەژێر دەسەڵاتی (M–Command)ەوە وەردەگرێت،)، (قادر. ٢٠٠٩، ل٨١) هەروەها بە وێنەی پەیوەندی نێوان کردارو تەواوکەرەکەی، (سەرەی پێشناو (P)یش حوکمی

(NP) وەک تەواوکەرەکەی دەکات و دۆخی پێشناوی(Dative) پێدەبەخشێت)، (Haegman 1999,13)، دەکرێت بڵێین ڕەگی کردار بەرکار وەک تەواوکەر داوادەکات ودواتریش بە هاوبەشی لەگەڵ بەرکاردا هەڵاوێردی واتایی بۆ بکەر دەکەن و دۆخی پێدەدەن، بەو واتایەی سەرە ڕێزمانیەکان دەسەڵاتیان بە سەر چ کەرەسەیەکدا بشکێ دەتوانن دۆخی پێبدەن.

(ئەو سەرە ئەرکییەی دۆخ دەدات دەبێ لەڕوی فەرهەنگییەوە تایبەتێتی بخرێتەڕو، سەرە فەرهەنگییەکانیش دەبێت بەشدارییەکی تۆڕی دۆخییان هەبێت. پێویستە سیمای سەرەی ئەرکی بۆ پێدانی دۆخ لایەن سەرەیەکی ئەرکییەوە بخرێتەڕو وەک سیمای ڕێککەوتن (Agreement features))، (ڕەسوڵ، 2014، ل٥٩)، وەک ئەوەی کە لە دۆخی بکەرییدا دەبینرێت.

(ڕستە S گەورەترین پرۆژەی کات و کەسە INFLە، بۆیە INFLسەری ڕستەیە. فرێزی کرداری VPگەورەترین پرۆژەی کردارە V، فرێزی پێشناویش PPگەورەترین پرۆژەی پێشناوە سینتاکسییەکانە)، (مەحوی، ٢٠٠١، ل١٦٠) هەروەها بەڕای ئێمە دیارخەریش (D) لە دۆخی خستنەپاڵدا (Genitive) حوکمی فرێزە ناوییەکەی دوای خۆی دەکات. پەیوەندی نێوان سەری حوکمکەر X و تەواوکەرەکانی بە دروستەی هەرەمییەوە دەبەسترێنەوە بەو شێوازەی کە لە هێڵکارییەکانی خوارەوەدا نیشاندراون.




هێڵکاری (٢) حوکمکردنی NP لەلایەن ڕەگی کردارەوە

لە هێڵکاری (٢) دا ( V)پەیوەندی خوشکایەتی لەگەڵ (N̄)دا هەیە و بوە بە سەرێکی حوکمکەر بۆی، لە کاتێکدا (V̄) بەسەر هەریەک لە (N) و (V)دا زاڵە، کەواتە ڕەگی کردار حوکمی ئارگۆمێنتی ناوەکی دەکات و (V)یش وەکو پرۆژەیەکی گەورە بەربەستی پێدانی دۆخە بە ئارگۆمێنتی دەرەکی.




هێڵکاری (٣) حوکمکردنی NP لە لایەن پێشناوەوە

لە هێڵکاری (٣) دا دەردەکەوێت، پێشناو دۆخی ڕێزمانی بە فرێزێکی ناوی داوەو بەربەستیشە لەبەردەم ڕەگی کرداردا بۆیە ڕەگی کردار دەسەڵاتی بەسەر ئەم فرێزە ناوییەدا ناشکێت




هێڵکاری (٤) حوکمکردنی NP لە لایەن INFLەوە

لەهێڵکاری (٤)دا دیارە، کە (V) بەهۆی (I)ەوە حوکمی ئارگۆمێنتە دەرەکییەکەی کردوە (مەعروف، ٢٠٠٩، ل١٨،١٧).




هێڵکاری (٥) حوکمکردنی NP لە لایەن D ەوە

بەم پێیەش دەکرێت بڵێین لە زمانی کوردیدا، کرداری بێ تاف/ ڕەگی کردار(V) لە دۆخی بەرکاری و پێشناوەکان لە دۆخی پێشناوی و، کرداری کەسدار (IP) لە دۆخی بکەری و دەرخەرەکان لە خستنە پاڵی خاوەنێتیدا، سەرە ڕێزمانییە حوکمکەرە دۆخدەرەکانن. ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین زمانی کوردی لە دروستەی فرێزو ڕستەکانیدا ڕێسای سەر کۆتایی جێبەجێدەکات، بەپێچەوانەیشەوە ئاراستەی پێشناوە سینتاکسییەکان و ئامرازە خستنەسەرەکان سەر سەرەتایین، بەم پێیەش زمانی کوردی دو ئاراستەی حوکمکردنی هەیە راست بۆ چەپ_سەر سەرەتا و چەپ بۆ ڕاست- سەرکۆتا. سەبارەت بە ڕستەی ئاوێتەش، لە هەر یەکە لە ڕستەی سەرەکی و ڕستە تەواوکارییەکەش سەرێکی ڕێزمانی حوکمکەر هەیە کە حوکمی تەواوکارەکانی دەکات و دۆخیان پێدەدات. لە زمانی کوردیدا کەرەستەکان بەپێی شوێن لە ڕستەدا دۆخ وەردەگرن، بۆیە دەکرێت نواندنەکانمان بە(IP) بخەینەڕو. بۆ نمونە:

**(١٤) ئەو نامە دەنوسێت.**




هێڵکاری (٦) نواندنی سینتاکسی ڕستەیەکی ئاسایی

لە زمانی عەرەبیدا، نیشانەكانی دۆخ لەناو ڕستەدا دەكەونە كۆتایی وشەكانەوە، وەك (سەر، بۆر، ژێر و سكون) ئەمانەش دەرهاویشتەی كاتیگۆرییە دۆخدەر (عوامل)ەكانن، كە بۆ دو جۆر دابەشدەبن؛

١- دۆخدەری زارەكی (العامل اللفظي)

2- دۆخدەری واتایی (العامل المعنوي)

جۆری یەكەم بۆیە پێی دەگوترێت زارەكی (لفظي)؛ چونكە وەك (ئیبن جنی) دەڵێت: لەفزێكی لەگەڵدا دێت، وەك:

**(١٥) مررتُ بزيدٍ. دام بەلای زەیددا.**

لە ڕستەی(١٥)دا دۆخدەرەكە لەفزێكە، یەكێكە لە (حروف الجر)ەكان، كە (ب)یە و نیشانەی دۆخیی- ژێرە (كسرە)ی پێداوە و خستویەتییە دۆخی مەجرورییەوە.

جۆری دوەمیش لە دۆخدەرەكان، بۆیە پێی دەگوترێت واتایی؛ چونكە هیچ لەفزێكی لەگەڵدا نایەت، بۆ نمونە:

**(١٦) عليٌ قائمٌ. عەلی بەپێوەیە.**

ڕستەی (١٦) لە (نیهاد و گوزارە) یان (مبتدأ و خبر) پێكهاتوە، كە دو وشەن، هەردوكیان نیشانەی بكەری (تەنوینی زەممە)یان وەرگرتوە، بەڵام دۆخدەرێكی زارەكییان لە پێشەوە نییە تا بڵێین بەهۆی ئەوەوە مەرفوع بون، بەڵكو دۆخدەرێكی واتایی هەیە و وەهای كردوە، كە لە حاڵەتی ڕەفعدا بێت. (بن جني، ٢٠٠٦، ل١٠٩).

دۆخدەرە واتاییەكان، كە لە ڕواڵەتدا دیارنین و بەزمانیش گۆناكرێن و هیچ وشەیەك یان لەفزێك نییە، كە دەستنیشانیان بكات یان بتوانین بینوسین، بەڵام دەكرێت بە ژیری (عقل) هەستیان پێبكەین؛ لەبەرئەوەش پێیانگوتراوە واتایی، چونكە نیشانەی دۆخ دیاری دەكەن، بەڵام خۆیان نابینرێن. سەبارەت بە ژمارەی ئەو دۆخدەرانە، زانایان بۆچونی جیاوازیان هەیە، بۆنمونە: لەلای (عبدالقاهر الجرجاني) تەنها دو دۆخدەری دەستنیشان كردوە، یەكەمیان ئەوەیە كە كرداری ڕانەبردو (فعل المضارع) مەرفوع دەكات وەك (يكتبُ) كە كۆتاییەكەی بۆری وەرگرتوە. دوەمیشان ئەوەیە كە (نیهاد و گوزارە) یان (مبتدأ) و (خبر) مەرفوع دەكات. بەڵام سەرچاوەی دیكە هەیە كە پێیوایە (7) دانەن. كەچی گەورە زانای زماناس (سیبویە) و قوتابخانەی (بەسرە) پێیانوایە كە لەدو شوێندا (جێكەوتە) دەتوانین دۆخدەرە واتاییەكان دەستنیشانیان بكەین كە ئەوانیش بریتین لە:

1- سەرەتای ڕستە (الإبتداء) كە (مبتدأ) مەرفوع دەكات.

2- هاتنی كرداری ڕانەبردو لە شوێنی ناو (وقوع الفعل المضارع موقع الإسم:

كرداری ڕانەبردو (الفعل المضارع)، لە كۆتاییەكەی نیشانەی رفع (بۆر) هەیە، بۆیە ئەو نیشانەی وەرگرتوە چونكە لە (ناو/ الإسم) دەچێت، لە ڕوی نادیاری و تایبەتمەندییەوە، بۆ نمونە كە دەڵێین:

**(١٧)زيدٌ يقوم. زەید هەڵدەستێت.**

لە نمونەی (١٧)دا دیار نییە(زەید) ئێستا هەڵدەستێت یان لە داهاتو، چونکە کرداری ڕانەبردو لە زمانی عەرەبیدا بۆ کاتی ئێستا و داهاتوش دەست دەدات، بەڵام کاتێک کە پیتی (سین) دەخەینە سەری، ئەوا ئەو کاتە ڕانەبردوە و تایبەتی دەکەین بە ئایندەوە بۆ نمونە:

**(١٨)زيد سيقوم.**

لە ڕستەی(١٨)دا کرداری (سيقوم) ڕانەبردوە و بە هۆی پیتی (س)ەوە تایبەتکراوە بە ئایندەوە. هەمان شت بۆ ناویش دروستە، کاتێک دەڵێین: رجلٌ/ پیاوێک) دیارنییە پیاوێکمان مەبەستە، بەڵام کە (ال)ی ناسراویمان خستەسەری، دەبێتە (الرجلُ/ پیاوەکە) بەمەش ڕون دەبێتەوە. لای زانایانی قوتابخانەی (کوفە)ش، چەند دۆخدەرێک واتایی هەن، دیارترینیان ئەمانەن (الصرف أو الخلاف، رافع المبتدأ، رافع الفاعل، عامل المفعول)

ئەوانەی سەرەوە بەگشتی دۆخدەرە واتاییەکان بون، چەند دۆخدەرێکی دیکەش وەک (التبعية، ناصب المستثنى، جر المضاف إليه، التوهم، الإهمال، المجاورة، نزع الخافض، القصد إليه) هەن، کە لێرەدا ناتوانین باسی هەمویان بکەین. ( الملاحي، ٢٠١٦: m-a-arabia.com).

پێویستە ئەوەش بڵێین، کە دۆخدەرە زارەکییەکان لە لای زانایانی قوتابخانەی (بەسرە) و (کوفە) سێ جۆرن کە (إسم/ناو) و (فعل/ کردار) و (حرف/پیت)ن.

زۆربەی زانا زمانناسەکانی زمانی عەرەبی لەسەر ئەوە کۆکن دۆخدەری زارەکی - کە بەزمان گۆ دەکرێت و دەشنوسرێت- لە دۆخدەری واتایی بەهێزترە، وەک کرداری (ذهبَ) لەڕستەی:

**(١٩)ذهبَ زيدٌ. زەید ڕۆشت.**

لە نمونەی (١٩)دا، ئەوەی دۆخی داوە بە (زيد) لە ڕستەکەدا و کردویەتی بە بکەر، کرداری (ذهب)یە. بەڵام دۆخبەخشین و کارکردنی کردار لەسەر (بەرکار) ئەمە جێگەی ناکۆکی عەرەبیناسەکانە، هەروەها لەسەر دۆخبەخشین و کارکردنی دۆخدەرە زارەکیەکانی وەک (كان وأخواتها، إن وأخواتها، ظن وأخواتها، حروف الجر و حروف الجزم)یش ناکۆکییان هەیە، کە ئایا لەدوای خۆیانەوە کاریگەری لەسەر یەک ناو یان یەک کردار دەکەن، یان زیاتر.

گەورە زانای زمانناس (عەبدولقاهیری جورجانی) دۆخدەرە زارەکییەکانی بۆ دو بەش دابەشکردوە:

١- بیستراو (سماعي): ئەوانەن کە هەر لەکۆنەوە لەعەرەب بیستراون و ناکرێت هیچ لەفز و وشەی دیکەیان پێبپێوین و وەک ئەوانی لێبکەین، بەواتایەکی دیکە ناکرێت وەک یاسایەک تەماشایان بکەین، بیستراوەکانیش وەک: حروف الجر (من، ب، إلى، في وعلى...تد) و الحروف المشبهه بالفعل (إنَّ، كأنَّ، ليتَ...تد).

٢- پێوەریی (قياسي): ئەوانەن کە لە عەرەب بیستراون و دەکرێت وشەی دیکەیان پێ بپێوین، ئەوانەش (٧) جۆرن کە بریتین لە: (فعل، اسم الفاعل، اسم المفعول، الصفة المشبهة، المصدر، الإسم المضاف والإسم التام). ( الملاحي، ٢٠١٦: m-a-arabia.com).

## ٢/١) دۆخ و جۆرەکانی دۆخ لە زماندا:

تیۆری دۆخ، دۆخەکان لە یەکتری جیادەکاتەوە، کە بە فریزە ناوییەکان دەدرێن، بەگشتی دۆخ بۆ دو جۆری سەرەکی دابەشدەبێت (دۆخی زگماکی، دۆخی پێکهاتەیی)، ئەو کەرەستانەی جێکەوتەکان لە پێکهاتەی ڕوکەشدا پڕدەکەنەوە بە دۆخی پێکهاتەیی ناسراون. چونکە بەهۆی جێکەوتە ڕێزمانییەکانەوە دۆخەکەیان پێدەدرێت، ئەم جۆرەی دۆخ بۆ دۆخی (بکەریی، بەرکاری، پێشناوی، خستنەپاڵ)ی دابەشدەبێت.

سەبارەت بە ژمارەی دۆخەکانیش لە زمانی کوردیدا، لە ڕاستیدا هەتا ئێستا زمانەوانان کۆک نین، توێژەر هەیە دۆخی ڕێزمانی فریزی ناوی لە پێنج حاڵەتدا بەرجەستە کردوە، بریتین لە: (دۆخی بکەری، دۆخی بەرکار، دۆخی تەواوکەری پێشناوی، دۆخی خستنەپاڵ و دۆخی زگماکی). (قادر، ٢٠١٧، ل١٤٠)، دابەشکردنێکی دیکە هەیە کە لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە، دو پێڕەوی دۆخ لە زمانی کوردیدا دیار دەکات، ئەوانیش (دۆخی ڕاستەوخۆ) و (دۆخی ناڕاستەوخۆ)ن. ئەگەر لە پێڕەوی دوەمدا شێوەزارەکانی (دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست) بەنمونە وەربگرین، دەکرێت بڵێین دۆخی ناڕاستەوخۆ، لەوانە لە سلێمانی لەناوچوە، بەڵام لە هەندێک دەڤەرەکانی شێوەزاری موکریانی، لەوانە مهابادی دەبینرێت. لە پێڕەوی یەکەمدا ناو لە دۆخی ڕاستەوخۆ لەچەند ئەرکێکدا دەبینرێت وەک (ئەرکی نیهاد/ بکەر، ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ) بەڵام ناو لە دۆخی ناڕاستەوخۆ لەم ئەرکانەدا دەبینرێت: (ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ، ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ و دۆخی دیارخەری). (پژوە، ٢٠٢٠، ل٨٣،٨٤).

ئەم جۆرە دابەشکردنانە جۆرێک لە ئاڵۆزییان پێوە دیارە، بەڵام ئێمە لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری قوتابخانەکە بۆ مۆدێلی دۆخ باسی دەکەین. بەشێوەیەکی گشتی جۆرەکانی دۆخ بۆ دو جۆری سەرەکی دابەش دەبن ( دۆخی زگماکی، دۆخی پێکهاتەیی).

### ٢/١-١)دۆخی زگماکی (Inherent case) لە زمانی کوردی و عەرەبیدا

شیکردنەوەکان بۆ ئەم جۆرەی دۆخ جیاوازە، بەڵام هێڵێکی گشتی کۆیان دەکاتەوە، کە بریتییە لە ئەوەی ئەم دۆخانە لە پێکهاتەی قوڵی ڕستەدا بە هەندێک ئارگۆمێنتی تایبەتی پریدیکات دەدرێت و پێش جوڵانەوەی فریزە ناوییەکان دەردەکەوێت، (ئەم جۆرە دۆخە پاساوە بۆ ئەو فریزانەی لە پێکهاتەی ڕوکەشدا دۆخەکانیان لێکنادرێنەوە) (قادر، ٢٠١٥، ل١٩). هەندێک لە بۆچونەکان لێکدانەوەی ئەم جۆرە دۆخە لە ڕێگەی پێشناوە فەرهەنگییەکان(پێ، تێ، لێ)ەوە باسدەکەن و پێیان وایە (بونی ئەم پێشناوانە لە زمانی کوردیدا ئەوە دەگەیەنێت جۆری دۆخەکان دروستەیی/ پێکهاتەیین، چونکە هەریەک لە ئەمانە لە پێکهاتەی قوڵیاندا و لە فۆرمی فەرهەنگی خۆیاندا دۆخدەر نین (قادر، ٢٠١٥، ل١٩)، بەڵکو زیاتر وەرگری ڕۆڵێکی واتایین و (بەزۆری لەو زمانانەدا باس لە ئەم جۆرە دۆخە کراوە، کە یاساکانی گوێزانەوە لە زمانەکەدا جێبەجێدەبێت) (ئەحمەد، ٢٠١١، ل٣٧)، کە بەڕێژەیەکی بەرچاو گوێزانەوەی فریزەکان تیایاندا ڕودەدات. هەندێک توێژەر لە زمانی کوردیدا لەگەڵ ئەوەی ئاماژە بە نەبونی ئەم جۆرە دۆخە دەکات، کەچی لە کۆتایی باسەکەیدا هەردو دۆخی خستنەپاڵ و پێشناوی بە نمونەی ئەم جۆرە دۆخە دەهێنێتەوە، لەوانە (بروا ڕەسول ئەحمەد(٢٠١١) لە نامەکەیدا دەڵێت ((دۆخی بنجی لە زمانی کوردیدا بەدی ناکرێت)). دواتر لە کۆتایی باسەکەیدا دەڵێت: ئەو دۆخانەی بە

دۆخی بنجی دادەنرێن بریتین لە (دۆخی خستنەپاڵ Genitive، یان پێشناوی Dative). ((دیاریکردنی ئەم جۆرە دۆخە پەیوەستە بە ڕۆڵی واتایی دیاریکراو(theta-role) یان تایبەتمەندیی فەرهەنگیی سەرە حوکمکەرەکان))، (Haspelmath 2006,3) بۆ نمونە کردارێکی وەک (خوارد) پەیوەستە بە هەڵبژاردنی تەواوکەرێک کە سیمای واتایی <+ توانای خواردن> ی هەبێت..تاد، (لە زمانی کوردیدا لە هەردو پێکهاتەی قوڵ و ڕوکەشدا جێکەوتەی ئارگۆمێنتی بکەریی و بەرکاریی چونیەکن، بەڵام لەبەر چالاک نەبونی کردار لە پێکهاتەی قوڵدا، ئەم جێکەوتانە بە کەتیگۆری فەرهەنگی پڕدەبێتەوە، لە دوای گواستنەوەیان بۆ پێکهاتەی ڕوکەش دۆخی پێکهاتەیی ئەم دو گۆکردنە سینتاکسییە ڕوندەبێتەوە)، (مەعروف، ٢٠٠٩، ل٩). بۆ نمونە:

**(٢٠) ا. <u>شیرین</u> <u>نان</u> خواردی.(DS)            ب. <u>شیرین</u> <u>نانی</u> خوارد.(SS)**

**بکەر بەرکار                    بکەر بەرکار**

لێرەدا دەشێت بوترێت کە جێکەوتەی نەگۆڕدراوی بکەری و بەرکاریی لە پێکهاتەی قوڵەوە بۆ پێکهاتەی ڕوکەش نیشانەی بونی دۆخی زگماکی نییە.

هۆکاری بەهەند وەرگرتنی دۆخی زگماکی لە پێکهاتەی قوڵی ڕستەدا لەلایەن (چۆمسکی)یەوە، ئەوە بو، کە پێیوابو ئاستی ڕوکەش فریودەرە بە بەراورد لەگەڵ ئەو مانایەی دەیگەیەنێت، بۆیە زۆر ڕێی تێدەچێت دو ڕستە لە پێکهاتەی ڕوکەشدا بەتەواوی لەیەکبچن، بەڵام بەتەواوی لە پێکهاتەی قوڵدا جیاوازی ڕیشەییان هەبێت بۆیە دەکرێت بڵێین ئەم جۆرە دۆخە پەیوەستە بە سیتا ڕۆڵەوە کە پریدیکاتەکان لەسەر بنەمای فەرهەنگی و هەڵاوێردکردنی واتایی/ هەڵبژاردنی سیمانتیکی بە ئارگۆمێنتەکانی دەدەن. دەشێت بڵێین دۆخی زگماکی بریتییە لە ڕۆڵی بابەتانە و لە هەمو زمانێکدا بونی هەیە، کە پریدیکاتور/ ڕەگی کردارV بە ئارگۆمێنتەکانی دەدات پێش گواستنەوەیان بۆ پێکهاتەی ڕوکەش. وەک ڕۆڵە بابەتانەکانی کارا و کارتێکراو ...تاد

**٢-٢/١)دۆخی پێکهاتەیی (Structural Case) لە زمانی کوردی و عەرەبیدا:**

ئەو دۆخانەن کە بە فرێزە ناوییەکان دەدرێن، دوای گواستنەوەیان لە پێکهاتەی قوڵەوە بۆ پێکهاتەی ڕوکەش و چالاکبونی کردار لە لایەن تاف و کەسەوە، ئەو کاتە کردار پەیوەندی لەگەڵ ئارگۆمێنتەکانی دروستدەکات. لە دروستەی سینتاکسی (بکەری، بەرکاری، خستنەپاڵی، پێشناویدا) کردارەکە دۆخەکانیان لە پێکهاتەی ڕوکەشدا پێدەدات. ((ئەگەر پەیوەندییەکی بەهێزی واتایی پێویست بێت لەنێوان پێدەر و وەرگرەکانی دۆخ بۆ پێدانی دۆخی زگماکی، ئەوا پەیوەندییەکی ڕێکی پێکهاتەیی پێویستە بۆ پێدانی دۆخی پێکهاتەی)) (ئەحمەد، ٢٠١١، ل٤١)، دۆخی پێکهاتەیی بنەمایەکی(GB)یە، جەخت لەوە دەکاتەوە هەمو فرێزێکی ناوی (NP)یەک لە ڕۆنانێکی (SS)دا دۆخی هەیە. بەپێی بنەمای پاڵێوەری دۆخ، هەر فرێزێکی ناوی (NP) لەڕوی فۆنەتیکییەوە دەربکەوێت، پێویستە دۆخی پێبدرێت، بۆ نمونە لەڕستەی:

**(٢١) منداڵەکە گۆشتەکەی خوارد.**

ئەگەر تێبینی بکەین (INFL) و تەواوکارەکەی (VP) پێکهاتەیەکی نیشانەی (I) پێکدەهێنن لەناو فرێزێکی (IP)دا. بەپێی یاساکانی پێدانی دۆخ ئەگەر ئەو فرێزە ناوییە (NP) لەلایەن سەرێکی ڕێزمانیی وەک مۆرفیمی

کەس (I)حوکمی بکرێت، ئەوا (مندالّەکە) دەبێتە بکەری ڕستەکە، کە لە زۆربەی زمانەکاندا بکەر بێ نیشانەی دۆخی بکەرییە، هەروەها (خوارد) دۆخی بەرکاری دەداتە (گۆشتەکە)و حوکمی دەکات. بەهەمان شێوە بەپێی تایبەتمەندی زمانەکان، بون و نەبونی نیشانەی دۆخ دەگۆڕێت. لە خوارەوەش هەمان نمونە بەشێوەی هێڵکاری درەختی نیشاندەدەین:




هێڵکاری(٧) نواندنی سینتاکسیی

دەکرێت بڵێین هەمو زمانەکانی جیهان، خاوەنی پێکهاتەی قوڵ و ڕوکەشن. هەروەها خاوەنی گشت کەتیگۆرییە ڕێزمانییەکانی وەک: (ناو، جێناو، ئاوەڵناو....هتد)ن. ئەمەیش دەیسەلمێنێت کە زمانی مرۆڤ بەپێی هەمان پێڕەو کاردەکات و هەڵدەسوڕێت، ئیتر ئەو زمانە هەر زمانێک بێت. ئەم جیاوازییەی لەنێوانیاندا بەدیدەکرێت هەر لە (سیما) پێکهاتەی سەرەوەدایە، ئەگەر نا لە پێکهاتەی قوڵدا هەمو وەکیەکن.

((هەریەک لە سەرە ڕێزمانییەکان جۆرێک دۆخی ڕێزمانی دەدەن و هەریەکەشیان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیدا حوکمدەکات و دۆخیش دەدات. دەشبێت ئاماژە بەوە بدرێت، کە جۆرەکانی دۆخ بەپێی ئەو دەسەڵاتە دەدرێت کە سەرێک بەسەر تەواوکەرەکەیدا هەیەتی)) (قادر، ٢٠١٥، ل٢٠). لەم دۆخپێدان و حوکمکردنەشدا هەر زمانێک پارامیتەری تایبەت بەخۆی دیاریدەکات، جێکەوتەکان لە دیاریکردنی پارامیتەرەکانی دۆخدا کارا و کاریگەرن. بەو واتایەی کارایی سەرە ڕێزمانییەکان لە زمانێکی دیاریکراودا بەئاڕاستەکانیانەوە بەندن.

دۆخ لە شێوەزاری سلێمانیدا، بەپێی جێکەوتە ڕێزمانییەکان دیاریدەکرێت و لەلایەن ئارگۆمێنت داواکەرەکانەوە هەلاوێردی سینتاکسیی و پۆلە ڕەگەزدیاریکردنیان بۆ دەکرێت، بەبێ ئەوەی هیچ فۆرمێکی دیار و ئاشکرای لە پێڕەوی مۆرفۆلۆژی ئەو شێوەزارەدا هەبێت، هەر بۆیە (ناو) چ لەباری (بکەر، بەرکار، خاوەنداریێتی، یان تەواوکەر) هیچ ئاماژەیەکی دۆخی پێوە نییە، لێرەدا نەبونی هیچ نیشانەیەکی مۆرفۆلۆژی بۆ دۆخ، واتای نەبونی دۆخ ناگەیەنێت. بەڵکو دۆخەکان بە جێکەوتە ڕێزمانییەکان دیاریکراون، بەلام لەزمانی عەرەبیدا نیشانەی مۆرفۆلۆژی هەیە جۆرەکانی ئەم دۆخەش لەهەر دو زمانی کوردی و عەرەبیدا بریتین لە:

## ١-٢-٢/١) دۆخی بکەریی- حالة الرفع Nominative case لە زمانی کوردی و عەرەبییدا

(بکەر، ئەگەر فرێزێکی ناویی بەرجەستە بێت یان نا، دۆخی ڕێزمانی پێدەبەخشرێت). (مەحوی، ٢٠٠١، ل١٦٣)، کە تاکە ئارگۆمێنتی کردارێکی تێنەپەڕە، بەڵام ئارگۆمێنتە ئەنجامدەرەکەی کردارێکی تێپەڕە، ئەم جۆرەی دۆخ دۆخێکی پێکهاتەییە و لەلایەن کەسی کردارەوە بەو فرێزە ناوییانەی لە جێکەوتەیەکی دەرەکیدا کە چاڵی بکەر پڕدەکەنەوە، دەدرێت.

لە زمانی کوردیدا جێکەوتەی یەکەم لە ڕستەدا بکەر پڕیدەکاتەوە، چونکە ڕیزبونی کەرستەکان لە جۆری (بکەر، بەرکار، کردار)، (S.O.V)یەو ئەم ڕیزبونەش پەیوەندییەکانی دۆخ دیاریدەکات. وەک لەم نمونانەدا ڕون دەبێتەوە (ئەحمەد، ٢٠١١، ل٤٢)، بۆ نمونە:

**(٢٢) ا.گوڵزار( بکەر) گوڵەکانی چاند.**

**ب. کەپرەکە(بکەر) ڕوخا.**

لە ڕستەی (٢٢– ا، ب)دا، جێکەوتەی یەکەم فرێزە ناوییەکانی **(گوڵزار)** و **(کەپرەکە)** پڕیانکردوەتەوە، بۆیە لەلایەن کەسی کردارەوە حوکمکراون و دۆخی بکەرییان وەرگرتوە، ئاڕاستەی حوکمکردنەکەشیان لە چەپەوە بۆ ڕاستە.

لە زمانی عەرەبییدا، دۆخی بکەری نیشانەیەکی لەگەڵدا دەردەکەوێت کە هێمایە بۆ ئەرکەکەی لەناو چوارچێوەی ڕستەکەدا. لەم زمانەدا بۆر (ضمة)ی سەر وشەکە، کە نیشانەی بکەرییە (دۆخی بکەری) نیشاندەدات (ئەمین، ٢٠١٥، ل١١).

ئەم دۆخە بەوە دەناسرێتەوە، لە زۆربەی زمانەکاندا ئەو ناوانەی دەکەونە ئەم دۆخە نیشانەکردنی دۆخییان سفرە، لەوانە زمانی کۆنی یۆنانی (قادر، ٢٠٠٩، ل٨٢)، واتە هیچ نیشانەیەکی دۆخییان نییە. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ڕستەی خوارەوە، کە لە زمانی عەرەبی وەرمان گرتوە، دەبینین نیشانەی دۆخ دیارە و ئەمەش بە پێچەوانەی زمانی کوردییەوەیە:

**(٢٣) ا. أكلَ الرجلُ التفاحةَ.......پیاوەکە سێوەکەی خوارد.**

**ب.أكلت المرأة التفاحة.......ژنەکە سێوەکەی خوارد.**

لە ڕستەی (٢٣)دا، بۆرەی سەر وشەی (الرجلُ) نیشانیدەدات، کە وشەکە لە ڕیزبەندی ڕستەکەدا ڕۆڵی بکەری وەرگرتوە. بۆیە لە لایەن کەسی کردارەوە کە (هو)یەکی شاراوەیە لە ناو کردارەکەدا، حوکمکراوە و دۆخی بکەریی وەرگرتوە، ئاڕاستەی حوکمکردنەکەشی لە ڕاستەوە بۆ چەپە. ئەگەر بکەری ڕستەکەش بگۆڕین بۆ مێینە ئەوە کردارەکە کەسی کرداریش تێیدا دەردەکەوێت بەو شێوەیەی لێدێت کە لە نمونەی(٢٣–ب)دا دیارە.

لەڕوی یاساوە، ڕستەکەی سەرەوە لە (فعل + فاعل + مفعول به) پێکهاتوە، کە بناغەی ڕستەی عەرەبییە لە پێکهاتەی قوڵداو دەکرێت بە گۆڕینی هەر پێکهێنەر (عنصر)ێکی ڕستەکە، کە بەدوای یەکدا دێن لەلای چەپەوەن، ڕستەی دیکە دروست بکەین، ئەمەش لە لای زانا زمانەوانە عەرەبەکانەوە بە (پێشخستن و دواخستن) ناودەبرێت، ڕستەش یەکەی بنەڕەتییە لەشیکردنەوەی زمانیدا و لەسەر بنەمای ئەو، یاساکانی

وەبەرهێنان و گواستنەوە جێبەجێ دەبن. با جارێکی دیکە سەرنجی ئەم ڕستانەی خوارەوە بدەین کە قسەکانی پێشو ڕون دەکەنەوە:

**(٢٤) ا. أكلَ الرجلُ التفاحةَ.**

**ب. الرجلُ أكلَ التفاحةَ.**

**. التفاحةَ أكلها الرجلُ.**

ڕستەی (٢٤- ا) لە ئاستی قوڵدایە لای قسەکەر، بەڵام ڕستەی (٢٤- ب، پ) لە ڕستەی (٢٤- ا)وە گواستراونەتەوە و بەرهەم هاتون و لە پێکهاتەی ڕوکەشدان. سەبارەت بە ڕێکخستنی کەرەستە (عناصر)ەکانی زمانی عەرەبیش دو ڕا هەیە، یەکەمیان پێیوایە کە ڕێکخستنێکی ئازادانەیە؛ چونکە لەم زمانەدا نیشانەکانی دۆخ کردار و بکەر و بەرکار جیا دەکەنەوە و ئەرکە ڕێزمانیەکانی هەریەک لە کەرەستەکان دیاری دەکەن، بەڵام ڕایەکی دیکە هەیە پێیوایە جێکەوتەی کەرەستەکانی ڕستە بڕیار لەسەر ئەرکەکەی دەدات.

بەڵام ئێمە پێمانوانییە، کە تەنها گۆڕانکاری لە کەرەستەکان بەس بێت بۆ ئەوەی ڕستەیەکی پەسەندمان لەڕوی واتا و ڕێزمانەوە دەست بکەوێت، چونکە جاری وا هەیە کە پێش و پاشخستن ناچارمان دەکات کەرەستەی دیکە بهێنینە ناو ڕستەکەوە، بۆ نمونە لە سەرەوە لە ڕستەی (٢٤- پ)دا ناچار بوین جێناوی لکاوی (ها) بهێنین، تاوەکو ڕستەیەکی پەسەندمان لە ڕوی واتا و ڕێزمانەوە دەست بکەوێت (الخلایفە، ٢٠١٣، ل ١٦٣،١٧٥).

هەروەها لە زمانی عەرەبیدا، لە هەندێک حاڵەتدا نیشانەی دۆخی بکەر دەردەکەوێت لە کاتێکدا، بکەرەکان دوان (مثنى) و کۆ(جمع) بن، بۆ نمونە:

**(٢٥) أكل الرجلان التفاحةَ.........دو پیاوەکە سێوەکەیان خوارد.**

لەم ڕستەیەدا کردارەکە (أكل) هیچ نیشانەیەکی دوانە (مثنى)ی پێوە نییە، بەڵام (الرجلان) نیشانەی (ان)ی دوانەی پێوەیە، کە نیشانەی بکەریشە. هەروەها لەم ڕستەیەی خوارەوەدا کە دەیکەینە کۆ، ناچارین (الرجل) بکەین بە (الرجال):

**(٢٦) أكلَ الرجالُ التفاحةَ.....پیاوەکان سێوەکەیان خوارد.**

خۆ ئەگەر پاش و پێش بکەین بە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە ناچارین نیشانەی دۆخ بدەین بە کردارەکە، کە جێناوێکی نوساوە (ا) وەکو:

**(٢٧) الرجلانِ أكلا التفاحةَ.**

لەحاڵەتی (کۆ) یشدا دەڵێین:

**(٢٨) الرجالُ أكلوا التفاحهَ.**

لە ڕستەی(٢٩)دا، نیشانەی کۆ جێناوی نوساوی (وا)یە خستومانەتە سەر کردار، چونکە بکەر کۆیە، بەڵام لەحاڵەتی شازدا و لە شێوازی قسەکردنی هەندێک لە تایەفە و هۆزە عەرەبییەکان، ڕێگە بەوە دراوە، کردار لەسەرەتای ڕستەوە بێت و نیشانەی دۆخی کۆی پێوە بێت وەک(الخلایفة، ٢٠١٣، ل ١٧٠):

**(٢٩) أكلوني البراغيث. کێچەکان خواردمیان.**

## ٢/١-٢-٢) دۆخی بەرکاریی-الحالة النصب Accusative case لە زمانی کوردی و عەرەبیدا

دۆخێکی پێکهاتەییە، دەشێ کارەکە بەسەر کەسێک یان شتێکدا تێپەڕێت و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاری تێبکات. لەلایەن ڕەگی کرداری تێپەڕەوە بە جێکەوتەیەکی ناوەکی دەبەخشرێت، کە بونەتە بەرکاری کاری تێپەڕ لە ڕستەدا.

**لە زمانی کوردیدا** کردار دەتوانێت ئەم دۆخە دیاریبکات، چونکە (بەپێی ڕیزبونی کەرەستەکان بەرکار نزیکترین کەرەستەیە لە کردارەوەو لەسەر بنەمای ئەو بۆچونەی، کە دۆخدەر دۆخ بە نزیکترین کەرەستە لە خۆیەوە دەدات، ئەوە ڕون دەبێتەوە کەوا دۆخی(Accusative) لەلایەن کاری تێپەڕی ڕستەوە دیاریدەکرێت.) (ئەحمەد، ٢٠١١، ل ٤٢). ئەم دۆخە دەکرێت لە دروستەی فرێزێکی ناویدا، ببینرێت. بۆ نمونە:

**(٣٠) من نامەکەم(بەرکار) نوسی.**

لە نمونەی (٣٠)دا، ڕەگی کرداری (نوس) حوکمی نزیکترین تەواوکەر لەخۆیەوە، بەرکار (نامە)کەیە دەکات. لە زمانی کوردیدا بەرکار هیچ نیشانەیەکی دۆخی لەگەڵدا دەرناکەوێت، لەم بارەدا بەپێی جێکەوتە لەناو ڕستەدا ئەرکەی دەستنیشاندەکرێت، بۆ نمونە:

**(٣١) <u>ئازاد</u> <u>ڕزگار</u> دەبینێت.**

**بکەر بەرکار**

لە نمونەی (٣١)دا، هەریەک لە (ئازاد) و (ڕزگار) هیچ نیشانەیەکیان پێوە نەلکاوە، بەپێی سروشتی ڕیزبونیان لە ناو ڕستەکەدا، ئەرکەکانیان دەستنیشان دەکەن، ئەگەر جێکەوتەکانیان ئاڵوگۆڕ کران، ئەوا ئەرکەکانیشان ئاڵوگۆڕ دەبن:

**(٣٢) <u>ڕزگار</u> <u>ئازاد</u> دەبینێت.**

**بکەر بەرکار**

لە ڕستەی (٣٢)دا، جێکەوتەی دوەم فرێزی ناوی **(ئازاد)** پڕیکردوەتەوە کە نزیکترین جێکەوتەیە لە کردارەوە، بۆیە لەلایەن ڕەگی کردارەوە حوکمکراوە و دۆخی بەرکاری وەرگرتوە، ئاڕاستەی حوکمکردنەکەشی لە چەپەوە بۆ ڕاستە.

**لەزمانی عەرەبیدا** بەرکار نیشانەی سەر (فتحة)ی لەگەڵدا دەردەکەوێت، کە هێمایە بۆ سروشتی ئەرکەکەی لەناو چوارچێوەی ڕستەدا، واتە بارودۆخی ئەو بەشەی ڕستەکە دەخاتە ڕو لەڕێزماندا و دەیخاتە دۆخی بەرکارییەوە (ئەمین، ٢٠١٥، ل١٢) بۆ نمونە:

**(٣٣) قرأ محمدٌ الکتابَ. (محمد کتێبەکەی خوێندەوە)**

لە نمونەی (٣٣) وشەی (الکتابَ) لەدۆخی بەرکاریدایە و نیشانەی سەر یان(َ) خراوەتە سەر کۆتاییەکەی، بۆیە لەلایەن ڕەگی کردارەوە حوکمکراوە و دۆخی بەرکاری وەرگرتوە، ئاڕاستەی حوکمکردنەکەشی لە ڕاستەوە بۆ چەپە. واتە بەپێچەوانەی زمانی کوردییەوەیە، لە زمانی عەرەبیدا، ئەگەر جێکەوتەکان ئاڵوگۆڕ کران، ئەوا ئەرکەکان ئاڵوگۆڕ نابن؛ چونکە نیشانەیەک هەیە دۆخەکان جیا دەکاتەوە، بۆ نمونە ئەگەر بڵێین:

**(٣٤) قرأ الکتابَ محمدٌ. ...... خوێندییەوە کتێبەکە موحەمەد.**

نمونەی(٣٤) هەمان ڕستەی (٣٣)یە، کە تێیدا ئاڵوگۆڕمان بەجێکەوتەی بکەر و بەرکار کردوە، بەڵام ئەرکەکانیان وەک خۆیان ماونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە زمانی عەرەبیدا، حاڵەتی وەها هەیە، کە دۆخەکە نادیارە، بەشێوەیەک ناتوانین دۆخی بکەر و بەرکار جیا بکەینەوە، بۆ نمونە:

**(٣٥)ضرب موسى عيسى.**

لە نمونەی (٣٥)دا، هەریەک لە (موسى) و (عيسى) نیشانەی دۆخەکەیان دیار نییە، بۆیە دەکرێت هەریەک لەوان بکەر و بەرکار بێت. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە لە زمانی عەرەبیدا، کە لە (فعل/ کردار، فاعل/ بکەر، مفعول به/ بەرکار) پێک دێت، ئەوا دەزانین بە پێی جێکەوتەکان (موسى) دەبێتە بکەر و (عيسى) دەبێتە بەرکار. (حنک، گیوان، ٢٠١٦، ل ٩٧).

کەواتە لە زمانی عەرەبیدا ئەوەی گرنگە نیشانەی دۆخە نەک جێکەوتە، لە یەک حاڵەتدا نەبێت، کە نیشانەی دۆخ دەرناکەوێت، ئەویش لەبەر ئەوەی هەریەک لە بکەر و بەرکار بە ئەلفی مقصورة (ى) کۆتاییان دێت، وەک ئەوەی لە ڕستەی پێشودا باسمانکرد، کە نازانین کام لە (عيسى) و (موسى) لێدەرن یان لێدراو، بەڵام بە حوکمی جێکەوتەکانیان دەزانین، کە (موسى) بکەر/ لێدەرە و (عيسى)ش بەرکار/ لێدراو؛ چونکە سروشتی ڕیزبونی بەشەکانی ڕستە لەم زمانەدا بەمشێوەیە:

کردار+ بکەر+ بەرکار

هەریەک لە بکەر و بەرکاریش بەر لە هەرشتێک بە نیشانەی دۆخ جیا دەکرێنەوە، دوای ئەوە جێکەوتە لە هەندێک حاڵەتدا بە هەند وەردەگرین وەک ئەو ڕستەیەی پێشتر باسمان کرد، بەڵام ئەگەر ئاماژەیەکی لەفزی، یان واتایی هەبێت لە ڕستەکەدا، کە هەریەک لە بکەرو بەرکارمان بۆ دیاری بکات، ئەوا جێگۆڕکێ، یان پاش و پێشخستنی هەریەک لە بکەر و بەرکار کاریگەری لەسەر گۆڕانی ئەرکەکانیان ناکات، هەرچەند بە ئەلفی مەقسورەش کۆتاییان هاتبێت، وەک لەم نمونەی خوارەوەدا نشاندراوە(الرملي، ١٩٩١، ل ٢٠٩):.

**(٣٦) أكلَ موسى الكمثرى. موسا هەرمێکەی خوارد.**

لە نمونەی(٣٦)دا، ئاماژەیەکی واتایی هەیە بۆ ئەوەی کە (موسى) بکەرە و (الكمثرى)بەرکارە، چونکە لە ڕوی واتاییەوە نالۆژیکییە (هەرمێ) بکەر بێت و (موسا) بخوات، بەڵکو بە پێچەوانەکەیەوە ڕاستە. نمونەی ئاماژەی لەفزیش وەک:

**(٣٧) أيدتْ موسى سلمى. سەلما پشتگیری موسای کرد.**

ئاماژەی لەفزی لە ڕستەی (٣٧)دا (تْ)ی مێینە (تأء التأنيث الساكنة)یە، کە بە کرداری (أيدتْ)ەوە نوساوە و بەهۆی ئەوەوە دەزانین بکەرەکە (سلمى)یە هەرچەندە جێکەوتەکەی گۆڕاوە.

سەبارەت بەوەی لە زمانی عەرەبیدا چی دۆخی بکەری و بەرکاری دیاری دەکات، ئەوا، ڕای جیاواز هەیە؛ ڕای یەکەم: هەندێک لە زمانناسەکان بۆ ئەوەی دەگەڕێننەوە، کە کردار دۆخی بکەری دیاری دەکات، پاشان بکەر بەرکار دیاری دەکات. ڕای دوەم: پێیوایە، کە کردار هەم بکەری و هەمیش بەرکاری دیاری دەکات. بەڵام ڕای سێیەم: کە هی گەورە زانای دێرینی زمانی عەرەبی (ئیبن جنی) دەڵێت: کاتێک بکەر مەرفوع دەکەیت و بۆر (ضمة)ی پێدەدەیت لەبەرئەوەیە کە بکەرە. کاتێکیش بەرکار مەنصوب دەکەیت و سەر (فتحة)

ی پێدەدێت لەبەر ئەوەیە کە بەرکارە. ئا ئەمە ئیعتیبارێکی واتایی (معنوی)یيە نەک زارەکی (لفظي). ئەو زانایە پێیشی وایە دۆخدەرە گۆکراوە زارەکییەکانیش هەر واتایین، (بن جني، ٢٠٠٦، ل ١٠٩):

**(٣٨) ضربَ سعيدٌ جعفراً. سەعید دای لە جەعفەر**

لە ڕاستیدا لەم نمونەی (٣٨)دا، (ضربَ) کە کردارە – بەپێی قسەی ئیبن جنی- هیچ کارێکی نەکردووە.

هەرچی سەبارەت بە ڕای یەکەمە ئێمە لەگەڵ ئەم ڕایەدانین، پێدەچێت ئەم بۆچونە لەوەوە هاتبێت، کە مەرجی هاوسێیەتیی بۆ پێدانی دۆخ یەکێکە لە بنەماکانی تیۆرییەکە، بەڵام ناکرێت کەرەستەیەک کە دۆخوەرگر بێت لە هەمان کاتدا دۆخدەریش بێت. بەم پێیەش ناکرێت کەرەستەیەک کە دۆخی بکەری وەرگرتوە، ببێتە دۆخدەر و دۆخی بەرکاری بدات.

سەبارەت بە ڕای دووەمیش ڕای ئێمە لە ژێر ڕۆشنای بنەمای تیۆرەکە بۆ پاڵێوەری دۆخ، کە دەڵێت هیچ سەرێکی دۆخدەر ناتوانێت دوجار دۆخ بدات لەگەڵ ڕای دووەمدا نین بەوەی کە کردار هەردو دۆخەکە بدات. بەڵام دەکرێت بڵێین لە لایەن کەسی کردارەوە دۆخ بە بکەر و لەلایەن ڕەگی کرداریشەوە بە بەرکار دەدرێت، بەم شێوەیە کردارێکی زەنگین بە کات و کەس هەردو دۆخەکە دەدات، بەڵام لێرەشدا بنەمایەکی دیکەی تیۆرییەکە پێشێل دەبێت ئەویش بنەمای مەرجی هاوسێیەتییە لە پێدانی دۆخدا لەلایەن کردارەوە بۆ بەرکارەکەی کە ئەمەش بە تایبەتمەندی زمانەکەی دادەنێین لە پێدانی دۆخ لەلایەن کردارەوە بۆ تەواوکەرەکەی. سەبارەت بەڕای سێیەمیش، کە سەرە دۆخدەرە گۆکراوە زارەکییەکانیش واتایی بن، بەڵێ، بەڵام ئەمە لە پێکهاتەی ژێرەوەدایە لەو کاتەی کە تەواوکەرەکانیان هەڵدەبژێرن و لە جێکەوتەی گونجاو و دیاریکراودا دایاندەنێن، لەگەڵ ئەوەی ئەم لایەنە واتاییە لە پێکهاتەی سەرەوەشدا دەردەکەوێت و کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام کاری خۆی لە پێکهاتەی ژێرەوەدا ئەنجام داوە.

## ٢/١-٢-٣) دۆخی پێشناویی - حالة الجر Dative case لە زمانی کوردی و عەرەبیدا

ئەم دۆخە بە هۆی پێشناوەکانەوە دێتەبون و هێزو دەسەڵات تیایاندا بە پێشناوەکانیان دەدرێت (قادر، ٢٠٠٩، ل١٠٠، ٨٩) بەواتایەکی تر لە فرێزە پێشناوییەکاندا، پێشناو حوکمی (NP)یک دەکات و ڕۆڵ و دۆخی پێدەدات.

لە زمانی کوردیدا، لەیەک کاتدا ڕەگی کردار لە توانایدا نییە دۆخی ڕێزمانی بە بەرکار و تەواوکەرێکی دیکەی ناوەکی بدات، بۆیە لەڕێگەی پێشناوە سینتاکسییەکانەوە بەشێک لە تەواوکەرە ناوەکییەکان دۆخیان پێدەدرێت. ئەم تەواوکەرانە دابەش دەبن بەسەر دو جۆر (تەواوکەرە بەخورتییەکان و تەواوکەرە سەربارەکان). بۆ نمونە:

تەواوکەرە بەخورتییەکان: هەندێک جۆری تەواوکەرن و ژمارەیان کەمە، لە لایەن پێشناوە مۆرفۆسینتکسییەکانەوە حوکمدەکرێن و دۆخیان پێدەدرێن، تەواوکەرێکی پێویست و بەخورتین بە لابردنیان واتای ڕستەکان نادروست و نارێزمانی دەبن بۆ نمونە:

**(٣٩) ا.من تۆ بە پیاو دەزانم.**

**ب. *من تۆ پێدەزانم.**

لە نمونەی(٣٩- ب)دا دەردەکەویت لابردنی تەواوکەری (پیاو) و گۆڕانی پێشناوی (بە) بۆ پێشناوە مۆرفۆسینتاکسییەکەی (پێ) واتای ڕستەکەی بە نارێزمانی کردوە و ئەمەش بەخورتی تەواوکەرەکە دەسەلمێنێت و لەسەرباری دەخات بە بەراورد بەم نمونەیەی خوارەوە، کە بەلابردنی تەواوکەرەکەیی و گۆڕانی پێشناوە سینتاکسییەکە بۆ پێشناوە مۆرفۆسینتکسییەکەی واتای ڕستەکەمان بە نارێزمانی ناکات.

**(٤٠) ا. من هەواڵەکەم بە ئەو دا.**

**ب. من هەواڵەکەم پێدا.**

دوەم: تەواوکەرە سەربارەکان: ئەم جۆرانەی تەواوکەر زیاتر ئەو فرێزە پێشناوییانە دەگرێتەوە، کە لە بەلابردنیان هیچ بارە ڕێزمانییەکە ناگۆڕێت ونادروستی ڕێزمانی ناهێننە ئاراوە، چونکە تەواوکەرێکی بە خورتی نین و تەنیا سەربارن لە ڕستەکاندا.

**(٤١) ا. *شالیار تۆپەکەی دەست هەڵدا.**

**ب. شالیار تۆپەکەی بە دەست هەڵدا.**

لە (٤١- ا) ڕەگی کردار دەسەڵاتی بەسەر دو فرێزی ناویدا نەشکاوەتەوە، ئەمەش ڕستەکەی نارێزمانی کردوە، لە (٤٠-ب) دا لە ڕێی پێشناوی (بە) حوکمی فرێزی ناوی دوەمی کراوە.

سەبارەت بە حوکمکردنی پێشناوەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپە، وەک لەم نمونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

**(٤٢) أ.لە هەڵەبجەوە بۆ هەولێر**

**ب.لە هەڵەبجە و لە هەولێر**

**پ.لە هەڵەبجە و هەولێر**

**ت.* هەڵەبجە و لە هەولێر**

لەم دەستەواژانەدا دەبینین کەوا ئاخێوەر/قسەپێکەری زمانی کوردی دەستەواژەکانی(٤٢- أ،ب،پ) پەسەند دەکات، بەڵام دەستەواژەی(٤٢-ت) نارێزمانییە و پەسەندی ناکات، چونکە لە نمونەکەدا (لە) نەیتوانیوە حوکمی فرێزی ناوی (هەڵەبجە) بکات و دۆخی پێبدات.

**لەزمانی عەرەبیدا،** پێشناوەکان (حروف الجر) کاریگەری لە فرێزە ناوییەکانی پاش خۆیان دەکەن. بچنە پێش هەرناوێکەوە ڕۆڵ و دۆخ بەناوی دوای خۆیان دەدەن، کە بە دۆخی پێکهاتەی پێشناوی ناو دەبرێت. بەمەش و ژێر(ِ)یان پێدەبەخشن. وەک لەم نمونەدا دیارە:

**(٤٣) فتح فامیار الباب بالمفتاحِ.**

لە نمونەی(٤٣)دا (مفتاح) ژێر(ِ)ی وەرگرتوە، چونکە لەلایەن (بـ)ی پێشناوەوە حوکمکراوەو دۆخی پێشناوی پێدراوە. ئاراستەی حوکمکردنەکەشی لە ڕاستەوە بۆ چەپە. کە ئەمەش یاسایەکی تاڕادەیەک جیهانییە. هەروەها هەمان حوکم بەسەر ئەم نمونەیەی خوارەوەشدا جێبەجێ دەبێت:

**(٤٤) ذهب فامیار من السلیمانیهِ إلی أربیلَ.** **فامیار لە سلێمانییەوە ڕۆشت بۆ هەولێر**

ئەوەی لە نمونەی(٤٤)دا جیاوازە، ئەوەیە (من) کە حەرفی جەرە، ناوی (السلیمانیة)ی مەجرور کردوەو ژێرە (کسرة)ی پێداوە، بەڵام ناوی (أربیل)مەجرور نەکردوە بە ژێرە، بەڵکو بە سەرە (فتحة) کردویەتی،

لەکاتێکدا ئەوەی ژێرە نیشانەی دۆخی پێشناوییە لەزمانی عەرەبیدا، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وشەی (أربيل) لە بنەڕەتدا عەجەمییە، واتە عەرەبی نییە و ئەویش بەپێی ئەم یاسایەی ڕێزمانی عەرەبی کە دەڵێت: ناوی ناسراوی نا عەرەبی (أعجمي) بو، تەنوینی پێنادرێت و بە سەر (فتحە) مەجرور دەکرێت لەبری ژێر. ( الجارم. أمين، ١٩٨٣، ل ٣٧٠).

هەروەها چەند پێشناوێکی دیکە لەزمانی عەرەبیدا هەیە، وەک(رب، ب ک، إلی، فی، عن...الخ) کە هەمان کاریگەری لەپاش خۆیان دەکەن و وەک پێشناوەکانی زمانی کوردی وەهان بەڵام جیاوازی هەردو زمانەکە لەم بابەتەدا، لەوەدایە کە ئامرازە پەیوەندییەکان لەزمانی کوردیدا کاتێک ڕۆڵ و دۆخ بەناوەکە دەدەن، هیچ نیشانەیەکی دۆخی بەجێناهێڵن بەسەر ناوەکەوە، کەچی لە زمانی عەرەبیدا نیشانە دۆخییەکە دیارە، کە ژێرەیەکە و بە ناوەکەی دەبەخشن. لە بارێکیشدا ناوەکە عەرەبی نەبو، ئەوا بە سەر(فتحە) مەجرور دەکرێت.

**٢/١-٢-٤) دۆخی خستەپاڵی خاوەنێتی- المضاف والمضاف اليه Genitive case: لە زمانی کوردی و عەرەبی دا**

ئەم جۆرەی دۆخ لە ژێر دو ناونیشانی جیاواز باس دەکەین لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا بە جۆریکی تایبەت لە دۆخ دایدەنێین، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا بەشێکە لە دۆخی پێشناوی.

**دۆخی خستەپاڵی لەزمانی عەرەبیدا**

ئەم دۆخە بە (المضاف والمضاف إليه)، کە بریتین لە دو فرێزی ناوی، یەکێکیان دەخرێتە پاڵی ئەوەی دیکەیان، جا ناوی دوەم هەمیشە لە دۆخی پێشناوی (مجرور)دایە، بەڵام ناوی یەکەم بەپێی شوێنی لە ڕستەدا یان بە واتایەکی تر بەهۆی کارتێکەرەکانی دیکەوە دۆخی ڕێزمانییەکەی دەگۆڕێت و ژێر (ِ) بە ناوی دوەم دەبەخشێت، (الجارم، أمين، ١٩٨٣، ل١٨١)، وەک ئەم نمونەی خوارەوە:

**(٤٥)تُدرِّس فاطمةُ في روضةِ الأطفالِ.......(فاتیمە لە باخچەی ساوایان وانە دەڵێتەوە.)**

ئەگەر بڕوانینە ڕستەی(٤٥)ی عەرەبییەکە دەبینین فرێزی ناوی (روضە) بەکاریگەری حەرفی جەڕ (فی) ژێرەی وەرگرتوە، پاشان خۆیشی ئیزافە کراوە، یان خراوەتە پاڵ فرێزی ناوی (الأطفال)و ژێرەیەکیشی پێداوە.

هەروەها خستنەپاڵ لە زمانی عەرەبیدا لە حاڵەتی (مثنی/دوان) و (جمع/ کۆ)دا تایبەتمەندی خۆیان هەیە و لە زمانی کوردی جیان، بۆ نمونە:

**(٤٦)کتابُ محمدٍ. (مفرد) کتێبەکەی محەمەد.**

**(٤٧)کتابا محمدٍ. (مثنی) دو کتێبەکەی محەمەد.**

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەی (٤٦) دەبینین کە (محمد) تاکەو بەهۆی ئەوەی (کتاب) خراوەتە پاڵی (ژێرە)ی وەرگرتوە. بەڵام کاتێک لە (٤٧)دا (کتاب) دەکەین بە (مثنی) دەبێت بە (کتابا) بەبێ (ن) لەکاتێکدا ئەسڵەکەی (کتابان) بوە و (ان) نیشانەی دوانەیە، واتە دو کتێبمان مەبەستە، بەڵام ئەو (ن) بە هۆی ئەوەی وشەکە دراوەتە پاڵی (محمد) نانوسین، هاوکات (محمد) لەم پرۆسەی دانەپاڵەدا ژێرە وەردەگرێت. زانایانی زمانی عەرەبی دانەپاڵی دو وشە بەشێوەی (مضاف) و (مضاف إليه) بە یەک وشە ئەژمار دەکەن، لەم بارەیەوە (د.خەلیل عمایرە) دەڵێت: "ئەو ناوەی خراوەتە پاڵ ناوێکی دیکە، لەگەڵ ناوەکەی دیکەدا لە حوکم و

ئیعرابدا وەک یەکن و یەک وشەن". (عمایرة، ١٩٨٣، ل ١٩٩). هەروەها لە حاڵەتی کۆ (جمع)یشدا (ن)ی نیشانەی کۆ (ون) نامێنێت، وەک:

**(٤٨) لاعبو كرة القدم. یاریزانانی تۆپی پێ.**

لە زمانی عەرەبیدا، هەندێک جار ئەو کەرەستەی دەیدەینە پاڵ کەرەستەیەکی دیکە لادەبرێت و کەرەستەی دووەم دەمێنێتەوە و ژێرە وەرناگرێت وەک ئەم بەشە بەیتە شیعرەی (الخنساء) کە شاعیرێکی پێش ئیسلامە و دواتر موسڵمان بوە، واتە (مخضرمة)یە کە دەڵێت:

**(٤٩) فإنما هي إقبالٌ وإدبارُ.**

زانایانی زمانی عەرەبی، سەبارەت بە نموونەی (٤٩) گوتویانە: پێش لابردنی کەرەستەی یەکەم بەم شێوەیە بوە (ذات إقبالٍ) بەڵام دواتر (ذات) لابراوە و ژێرەی (إقبال) کە بەهۆی دانەپاڵەوە وەریگرتوە بوە بە بۆر. جاریواش هەیە، کە ئەو کەرەستەیەی دراوەتە پاڵ کەرەستەیەکی دیکە لادەبرێت و کەرەستەی دووەم دەچێتە جێگەکەی و هەمان حوکمی ئیعرابی وەردەگرێت و بەڵگەیەکیش بۆ ئەو لابردنە هەیە، وەک لەم نموونەیەدا دیارە:

**(٥٠) وجاءَ ربُّك. خودات هات.**

ئەگەر کەرەستەی لابراوی ئەم ڕستەیە (٥٠) بگەڕێنینەوە بۆ ئەسڵی خۆی بەمشێوەی لێدێت:

**(٥١) وجاء أمرُ ربِّكَ. فەرمانی خودات هات.**

ئەگەر نموونەکانی سەرەوە بە هێڵکاری درەختی بنوێنین:




هێڵکاری (٨) نواندنی سینتاکسیی لە پێکهاتەی قوڵ بۆ پێکهاتەی ڕوکەش

لە پێکهاتەی قوڵدا (ذات إقبال) هەردو کەتیگۆری پەیوەست بەیەک (المضاف) و (المضاف إليه) دەرکەوتون، بەڵام پێکهاتەی ڕوکەش لە کەتیگۆرییەکە لایداوە و بە لابردنی (ذات) و هێشتنەوەی (إقبال) ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەڵبژاردنی کاتیگۆری ڕەسەن (القراله، ٢٠١٤، ل٩١-٩٢). ئاراستەی حوکمکردنیش لە ڕاستەوە بۆ چەپە.

## دۆخی خستنەپاڵی خاوەنێتی لە زمانی کوردیدا

دۆخی خستنەپاڵی خاوەنێتی بە فریزی ناوی دەدرێت. (هەمو جێکەوتەیەکی مەزن (XP) دەسەڵاتی بەسەر ئەو (NP)ییەوە هەیە، کە دۆخ وەردەگرێت، لەهەمان کاتدا دەسەڵاتی بەسەر ئەو (سەرە)یەشدا هەیە کە دۆخەکە دەدات، ئەگەر هیچ نرخێک نەدەینەوە ئەو (IP)یە، کە دەکەوێتە نێوان (NP)ییەکەو (D) لێکدەرەوە، ( قادر، 2009، ل 88) وەک لەم نموونەو هێڵکارییە درەختییەدا دیارە:




هێڵکاری (٩) نواندنی درەختی خستنەپاڵی

لە هێڵکاریی(٩) دەردەکەوێت، کە (ی) ئامرازی دانەپاڵ لە ڕێسا دوپەلکییەکەدا کەوتۆتە پاڵ ناوی (ئاواز)ەوە، هەر سەرێکی ڕێزمانی، کە لە فەرهەنگەوە تەواوکەرێکی لە ناواخندا بێت لە پەیوەندییەکی دوپەلکیدان، بەو واتایەی سەرە ڕێزمانییەکان هەمیشە لە تەواوکەرەکانیاندا دۆخەکانیان بە تاڵدەکەنەوە، (قادر، ٢٠٠٩، ل٩٢). بەپێی پالێوەری دۆخیش هەر فریزێکی ناوی لە ڕستەدا بە فۆنەتیکی دەربڕا پێویستە دۆخی پێبدرێت، ئەگەر نا ڕستەکە نارێزمانی دەبێت. بۆ نمونە:

**(٥٢) ا. کورەکەی نازدار بە دەست نان دەخوات.**

**ب. *کورەکە نازدار بە دەست نان دەخوات**

لە (٥٢– ا)دا هەمو فریزە ناوییەکان لەلایەن سەرە حوکمکەرەکانیانەوە حوکمکراون و دۆخیان وەرگرتوە، بەڵام لە (٥٢ –ب)دا فریزی ناویی (نازدار) حوکم نەکراوە و دۆخی وەرنەگرتوە، بەمەش ڕستەکە نارێزمانی بوە. بۆیە بە ڕای ئێمە لە لایەک بەپێی شوێنی دەرکەوتنی سەرەی فریزەکە لە ڕێسای دوپەلکیدا و لەلایەکی دیکەوە نارێزمانی بونی ڕستە بەهۆی نەبونی ئەم ئامرازەوە، دەکرێت بڵێین ئەم ئامرازە دانەپاڵە ئامرازێکی حوکمدەری دۆخدەرە، حوکمی ناوی دوای خۆی دەکات و دۆخی پێدەدات. بەمەش ئاڕاستەی حوکمکردن و پێدانی دۆخ لەم جۆرە دۆخەدا لە ڕاستەوە بۆ چەپە.

**ئەنجامەکان:**

١- دۆخ ڕێسایەکی جیهانییە، ئاماژە بۆ فۆرمە جیاوازەکانی فرێزی ناویی لە سینتاکسدا دەکات و پەیوەستە بە پێکهاتەی قوڵ و ڕوکەشەوە. ڕۆڵە بابەتانەکان بە دۆخی زگماکی ناودەبرێن و لە پێکهاتەی قوڵدا دیاریدەکرێت. هەرچی دۆخی پێکهاتەییشە لە پێکهاتەی ڕوکەشدا بە فرێزە ناوییەکان دەبەخشرێت.

٢- بەپێی بنەمای پاڵێوەری دۆخ هەمو سەرەیەکی دۆخدەر یەک دۆخی پێیە و هەمو تەواوکەرێکیش یەک دۆخ وەردەگرێت، زیاتر لەمە لە بنەماکانی پاڵێوەرەکە لادەدات و دەبێتە هۆی پێکدادانی دۆخ.

٣- لە زمانی کوردیدا دۆخی پێکهاتەی چوار جۆرە و بریتین لە دۆخی (بکەری، بەرکاری، پێشناوی، خستنەپاڵی خاوەنێتی) لە زمانی عەرەبیشیدا چوار حاڵەتە و بریتین لە حاڵەتەکانی (الرفع، النصب، الجر، الجزم) کە هەریەک لەم حاڵەتانەش یەک نیشانەی سەرەکی و چەند نیشانەیەکی لاوەکییان هەیە.

٤- نیشانەی دۆخ، لە زمانی کوردیدا جێکەوتەیە، واتە زمانی کوردی لە ڕێگەی ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستەوە، بەهۆی جێکەوتەی سینتاکسییەوە، کە تیایدا فرێزە ناوییەکان گۆڕانیان بە سەردا نایەت، بەڵکو شوێنی فرێزە ناوییەکە لە ڕستەکەدا جۆری دۆخەکەمان بۆ دەستنیشاندەکات، ئەمەش تێکەڵی و ئاڵۆزییەکی زۆر دروستدەکات، بەڵام نیشانەی دۆخ لە زمانی عەرەبیدا مۆرفۆلۆژییانەیە، واتە لە ڕێگەی مۆرفیمەوە، کە دەچێتە سەر فرێزە ناوییەکان، بە ڕونی دۆخەکەی دیاریدەکات، بۆیە زۆر جار ئەم نیشانانە گۆڕان لە وشەکاندا دروستدەکات. لەزمای عەرەبیدا لە حاڵەتێکی تایبەتیشدا پشت بە جێکەوتە دەبەسترێت، ئەویش لەوکاتەدایە، کە بکەرو بەرکار بە ئەلفی مەقسورە کۆتاییان دێت، بەڵام ئەگەر ئاماژەیەکی لەفزی یان واتایی هەبو، ئەوا جێکەوتە ئەو ڕۆڵەیشی نابێت، هەرچەندە بکەرو بەرکارەکە بە ئەلفی مەقسورەس کۆتاییان هاتبێت.

٥- لەزمانی کوردیدا ئەگەر تەنها کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە بێن، ئەوا پێدانی دۆخ لەلایەن کردارەوە بۆ بەرکارەکەی مەرجی هاوسێیەتی جێبەجێ دەکات، بەڵام لەزمانی عەرەبیدا هاوسێیەتی مەرج نییە.

٦- لە زمانی کوردیدا ئەو سەرانەی دۆخ دەدەن ئەمانەن: (ڕەگی کردار و مۆرفیمی کات و کەس، پێشناو وئامرازی خستنە سەر). بەڵام بە بەراورد بە زمانی کوردی لە زمانی عەرەبیدا زۆرن لەوانە ( الأفعال، حروف الجر، أدوات الجزم).

٧- ئاڕاستەی پێدانی دۆخ لە زمانی کوردیدا، سەر- سەرەتاو سەر-کۆتایە. بەڵام لە زمانی عەرەبیدا سەر- سەرەتایە.

# Case theory in Kurdish and Arabic
# A comparative study

**Rezan Mahmood Hamasalh[1] - [2]Nariman Abdullah Khoshnaw[2]**

[1+2]Kurdish Department, College of Basic Education, Salahaddin University, Irbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:
This research has been written under the title: The Grammatical Case in Kurdish and Arabic Languages: A Comparative Study. The research aims to identify points of similarities and differences between the grammatical case in Standard Arabic and Kurdish language (Sorani dialect/Sulaymaniyah subdialect).
The importance of the research lies in its usage - for the first time – of the modern transformational generative theory to compare Kurdish and Arabic languages. The research – with excluding the summary and introduction - consists of two axes: The first axis talks about the principles of the grammatical case model. As for the second axis deals with grammatical case patterns and their application in the two mentioned languages.
The search ends with displaying the results and a list of sources and references.

**Keywords**: Case, Case Signs, Location, Government.

## سەرچاوەکان


ئەحمەد، بروا ڕەسوڵ. (٢٠١١) دۆخ لەزمانی کوردیدا، ماستەرنامە، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتییەکان، سکوڵی زمان.

پژوە، فاتمە دانش. (٢٠٢٠) ئێرگەتیڤ لەزمانی کوردیدا کرمانجی (بادینی) سۆرانی هەورامی. وەرگێڕانی: شێروان حوسێن خۆشناو. هەولێر: ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

سەعید، سازان زاهیر.(٢٠٢٠) نواندنی سینتاکسی لەزمانی کوردیدا. ناوەندی سارا: سلێمانی.

حاجی، ڤیان سلێمان. (٢٠٠٩) کەرەسە بەتاڵەکان لەڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (شێوەزاری کرمانجی سەرو). هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

ڕەسوڵ، د.سەلاح حەوێز. (٢٠١٤) پرەنسیپی بەئابوریکردن لەزمانی کوردیدا لەڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەو بچوکترین پرۆگرامدا. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

قادر، د. سەباح ڕەشید. (٢٠٠٩) هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە ( GB) لەزمانی کوردیدا. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

قادر، کاروان عومەر. (٢٠٠٨) ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا.سلێمانی: چاپخانەی تیشک.

محەمەد، د.حاتەم ولیا. (٢٠٠٩) پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان. هەولێر: دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی.

محمد، غازی فیصل (٢٠١٥) دۆخی ڕێزمانی لەزمانی کوردیدا. ماستەرنامە. زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە.

مەحویی، محەمەدی. (٢٠٠١) ڕستەسازیی کوردیی. زانکۆی سلێمانی.

مەعروف، پ.د.عەبدولجەبار مستەفا.(٢٠٢٠) لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی سارا.

قادر، ئاوات سالَح. (٢٠١٥) ڕێککەوتنی سینتاکسی لە زمانی کوردییی و فارسیدا.ماستەرنامە.زانکۆی سلێمانی. سکوڵی زمان.

مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا. (٢٠٠٩) دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا. دکتۆرانامە. زانکۆی سلێمانی. کۆلێژی زمان.

ئەمین، پ.د. وریا عومەر (٢٠١٥) دۆخ و ئەرکی بەشەکانی ڕستە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٤) ساڵی ٢٠١٥.

قادر، پ. ی. د.ئەبوبەکر عومەر. (٢٠١٧) شرۆڤەکردنی ڕستەی زمانی کوردی لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا. مجله جامعه التنميه البشريه. المجلد ٣. العدد:٤.

باقر، د. مرتضى جواد (٢٠٠٢) مقدمة في نظرية القواعد التوليدية، عمان: دار الشروق للنشر والتوزيع.

بن جني، أبو الفتح عثمان (٢٠٠٦) الخصائص،ج1، دار الكتب المصرية.

الجارم, علي. أمين، مصطفى (١٩٨٣) النحو الواضح في قواعد اللغة العربية. ج1. القاهرة: مطبعة دار المعارف.

الحرش، سليمان بن مسلم الحرش (٢٠١٤) الميسر في علامات الإعراب: دار الألوكة للنشر: https://www.alukah.net/library/0/72950.

حنك، عبدالوهاب. طيوان، إسلام (٢٠١٦) تلقي المدرسة التوليدية التحويلية عند اللسانيين العرب عبد القادر الفاسي الفهري أنموذجا، رسالة ماجستير، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية، جامعة محمد الصديق بن يحيى، كلية الآداب.

الخلايفة، حمزة أحمد ( ٢٠١٣) جهود كل من داود عبدة وميشال زكريا في المدرسة التوليدية العربية، رسالة ماجستير، جامعة مؤتة.

الرملي، أحمد بن علي ( ١٩٩١) شرح الآجرومية- الشوملي، الرياض: دار أمية للنشر والتوزيع.

عمايرة، د.خليل أحمد (١٩٨٤) في نحو اللغة وتراكيبها منهج وتطبيق، جدة: عالم المعرفة.

القراله، ضرغام أحمد جعفر، د.يحيى عبابنة (٢٠١٤) انتقال الأصل اللغوي في الشاهد الشعري الوارد في كتاب إعراب القرآن للنحاس في ضوء النظرية التوليدية التحويلية، رسالة ماجستير، جامعة مؤتة، قسم اللغة العربية وآدابها.

الملاحي، هاجر (٢٠١٦) نظرية العامل في النحو العربي، منتدى مجمع اللغة العربية على الشبككة العالمية، (أونلاين: ٢٠٢٢).

https://www.m-a-arabia.com/vb/showthread.php?t=18176

Igaab, **Z**ainab kadim(2020). Case in English and Arabic: A Contrastive Study (article). University of Thi-Qar. www.researchgate.net

Blake, B.J. (2004). Case, second edition, Cambridge university press, Cambridge.

Haegeman, L. (1994), Introduction to Government & Binding Theory, Second Edition, Blackwell Publishing.

Haspelmath, Martin (2006). Terminology of Case. For A. Malchukov& A. Spencer (eds.), Handbook of Case, Oxford university press.